کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارەی ١٨٨

نیوەی ئەوەڵی گوڵانی ١٣٨٣- مەی ٢٠٠٤

# پشتیوانی لە کرێکارە بەدیل گیراوەکانی شاری سەقز پەرە دەستێنێ

لە رۆژی یەکی ئەیاردا سەدان کەس لە کریکاران و بنەماڵەکانیان لەشاری سەقز وەك گوردانیك لە ئەرتەشی جیهانی چینی کریکار کۆبوونەوە هەتا داخوازیە سروشتی و ئینسانیەکانی خۆیان لە بەرامبەر سەرمایەداران و دەولەتی پشتیوانی ئەوان مەترەح بکەن. کریکارانی سەقز کە هاوکات لەگەل باقی کریکارانی کوردستان هەولەکانیان بۆ بەریوە بردنی سەربەخۆی مەراسیمی یەکی مەی، بێ دەست تێوەردانی دەولەت و کارفەرما و ئیدارەی ئامار و باقی ئورگانە دژی کریکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بێئاکام ماوە و بە ناچار بەبێ ئیجازەی دەولەت کۆبوونەوەی خۆیان وەری خست. لە بەرەبەریانی

بروانە ل ٢

# رژیمی ئیسلامی لە بەرانبەر رێ و رەسمەکانی سەربەخۆی یەکی مەی دا رادەوەستێ

## لە خۆپیشاندانی ئەوەڵی مانگی مەی، کرێکارانی شاری سەقز کەوتنە بەر هێرش و ٤٠ کەس دەستگیر کران

رۆژی شەممە ١٢ گوڵانی سالی ١٣٨٣، ریکەوتی ئەوەلی مانگی مەی ٢٠٠٤ی زایینی، سەدان ژن و پیاوی کریکار و خەلکی حەقخواز لەسەر بانگهیشتی "شورای ئەوەلی مانگی مەی" لە شەقامەکانی شاری سەقز، یەکیك لە شارەکانی ئوستانی کوردستان لە رۆژئاوای

بروانە ل ٢



## تیکوشەرانی شاری سنە کیوی ئاویەر بە دروشمەکانی جەژنی کریکاران ئەرازیننەوە

رۆژی جومعە ١١ گولان کیوی ئاویەر رەنگ و روالەتیکی تایبەتی بە خووە گرتبوو. هەر لە سەعات ٦ ی بەیانی یەوە دروشمەکانی " بژی ئەوەلی مەی روژی جیهانی کریکار" ، " بژی ئازادی بەرابەری حکومەتی کریکاری " ، " بژی کومەلە " ، " بژی حیزبی کومونیست " لە هەموو شوینیکەوە دەکەوتنە بەرچاو . کومەلیکی زور پلاکارد کە ناوەروکیان بریتی بوو لە داخوازیەکانی کریکاران وە هەر وەها ئالای سوور لە گەلیك شوین دامەزرابوون.

ئیعلامیە و نوسراوەکانی پەیوەندی دار بەم روژە لە هەموو شوینیك دەکەوتنە بەر چاو . بەکریگراوانی رژیمیش بیکار دانەنیشتبوون وە بەردەوام لە هەولی کو کردنەوەیان دا بوون.

لەم روژەدا لە دەیان کور و کومەلی بچوك شیعر و سروود و نوسراوەکانی پەیوەندی دار بە یەکی مەی دەخویندرانەوە .

## دەوری خانەی کارگەر لەدژایەتی لە گەل شیعاری سەربەخویی کریکاری و چاودیری توندی پولیسی لە خوپیشاندانی تاران

لە ریپیوانی روژی جومعە لە شاری تاران ، کەسە پەیوەندی دارەکان بە خانەی کارگەر ریگایان نەدەدا شیعارگەلیك جیا لەو شیعارانەی کە ویستی خانەی کارگەر بوو بەرز بیتەوە . هەوال نیری ئیلنا دەنوسی : ئەگەر چی جار و بار بەشیك لەو کریکارانە کە لە ریپیوانەکەدا بەشدار بوون شیعارگەلیکیان دەدا جیا لەو شیعارانەی کە ویستی خانەی کارگەر بوو بەلام کاربەدەستانی بەریوەبەری ریپیوانەکە ئیجازەیان نەدەدا کە ئەم شیعارانە بدری .

شایانی باسە " کاربەدەستانی بەریوەبەری ریپیوانەکە " خویان پەیوەندیان بە خانەی کارگەرەوە بووە و کاربەدەستانی حکومەتی بەو مەرجەی ئیجازەی ریپیوانیان دا بوو کە خانەی کارگەر ئەمنیەتی ئەم ریپیوانە بپاریزی . بەلام کاربەدەستانی ئەمنیەتی لە ترسی ئەوەی نەوەکوو کونترولی ئەم ریپیوانە لە دەستی خانەی کارگەردا نەمینی ، بە توندی چاودیری ئەم ریپیوانەیان دەکرد . بەرپرسی ئەمنیەتی ئەم ریپیوانە بە هەوال نیری ئیلنا ووتی : ژمارەی دەقیقی مەئمورانی ئەمنیەتی لەم ریپیوانەدا مەعلوم نییە ، بەلام لە هەر ١٠ میتر دا یەك مەئمور دانرابوو .

هەر وەها بە پیی چەند هەوالیك شەر و پیك دادان لە نیوان خوپیشاندەران و پولیس روی دا، بەلام سەرچاوەی رەسمی راگەیاندنی حکومەت ئەم هەوالانەی رەد کردەوەتەوە .

# سیاسەتێك لە پیناوی گۆرینی سیمای پیشکەوتن خوازانەی خەباتی خەلکی کوردستان لە دووتۆیی دوو نمونەدا

١

ئەمرۆکە زۆربەی پیش نوێژ و ئیمام جومعەکان، "نوینەرانی کورد لە مەجلیسی ئیسلامی"، کەسی تری لیرە و لەوێی لەم چەشنە، لەروی "عەقلی مەعاشەوە" ئەوەیان لێ حالی بوە کە دەربرینی نارەزایەتی لە هەلاواردنی مەزهەبی، لە چوارچیوەی کۆماری ئیسلامی دا "خەباتیکی" بێخەتەر و بێزەرەری ریگا پێدراوە. هەر بۆیە لە هەر فرسەتیك دا کە بۆیان هەلبکەوێ لەم بوارەدا خۆیەك نیشان دەدەن و بۆ دیفاع لە مافەکانی "اهل تسنن" لە کوردستان دەنگیك بەرز دەکەنەوە. بەرپرسانی رژیمیش، هەلبەت بە دل ئاوالەییەوە گوێیان بۆ شل دەکەن و جار وبار دەرگای رەحمەتی خۆیان دەکەنەوە و کیشەکەشیان بۆ چارەسەر دەکەن. جاری واش بوە کە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە و وەکوو سکلی ژیر خۆلەمیش زیندوی رادەگرن هەتا لەکاتی پیویست دا بیگەشیننەوە. ئەوەش دوو نمونەی تازە لەم بابەتەوە.

_ ئاغای بەهای ئەدەب نوینەری لێکەوتوی شاری سنە لە مەجلیسی ئیسلامی لەو کەسانەیە کە هیچ مەجالیك بۆ راگەیاندنی بێمافیەکانی "اهل تسنن" لە کوردستان لەدەست نادات. ناوبراو لە دوایین رۆژەکانی حزوری خۆی لە مەجلیس کەلکی وەرگرت و روو لە کەروبی رەئیسی مەجلیس نارەزایەتی خۆی لەوەی کە پیش نوێژەکان لە کوردستان هەلبژاردەی خەلك نین، دەربری و وتی: "خەلکی کوردستان مافی ئەوەیان نیە تەنانەت پیش نویژیك بۆ خۆیان دیاری بکەن و ناچارن لەپشت سەری کەسیك نویژ بکەن کە خەلکی تر بۆ دیاری کردون".

_ هەر لەم بابەتەوە ئیمام جومعەی شاری بانە "بوێرانە" رایگەیاند کە بۆ دەربرینی نارەزایەتی بەرامبەر بە بلاوبوونەوەی کتیبیك کە تێیدا بێحورمەتی بە "اهل تسنن" کراوە هەتا تەکلیفی ئەو کتیبە و نووسەرەکەی روون نەبیتەوە لە نویژی جومعەدا بەشداری ناکات!

تۆ بلێی رژیمی ئیسلامی لە زەرفیەتی دا نەبێ کە چارەسەر کردنی ئەو "مەسەلانە" وەکوو خەلاتیك پیشکەش بە "اهل تسنن" (کە مەبەست خەلکی کوردستانە) بکات؟ ئەوە سیاسەتیکە کە لە کوردستان بە راوی سێکوسە دەناسریت و هەمووشی هەر بۆ ئەوەیە کە کیشە واقعیەکانی ئەم کۆمەلگایە کە لە پیناویان دا بزووتنەوەی شورشگیرانە کەوتوەتە رێ، دابپۆشن.

٢

پیك هینانی زەمینەی تەحریکی مەزهەبی لە ریگای بلاو کردنەوەی هەوالی درۆ و چاوراوی ئاژاوە گیرانە. ریگا خۆش کردن بۆ فیرقە جۆراوجۆرەکانی مەزهەبی بۆ ئەوەی لە روالەتی ئوپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی دا خەلك لەدەوری خۆیان کۆکەنەوە و ژهری خۆیان برژێنە ناو زەین و میشکی لاوانەوە، ئەوە سیاسەتێکی ناسراوی رژیمە لە کوردستان. سەرنج دان بەم چەند هەوالەی خوارەوە مەودای ئەو پیلان گیریە بە رۆشنی دەردەخات.

_ بەپیی ئەو هەوالانەی کە لە کوردستانی ئیرانەوە دەگەن، چالاکیەکانی سەلەفیەکان و وەهاوبیەکان زیادی کردووە. ئەم تاقمە کۆنەپەرستانە بەبێ هیچ چەشنە رێگریەك لە شار و دیهاتەکانی کوردستان خەریکی هەلسوورانن لە حالیك دا هەر چەشنە حەرەکەتیکی پیشکەوتن خوازانە بە توندی بەری دەگیری و تا جیگایەك کە تەنانەت ریگا نادریت کریکاران رۆژی جیهانی خۆشیان جەژن بگرن.

_ مەحمود ئەدەبی ئیمام جومعەی تیکاپ دەلی: "بیستومە کە لە مەنتەقەی کوردستان عیراق تەبلیغاتی مەسیحیەت دەکرێ، ئەو تەبلیغاتە بوەتە هۆی ئەوە کە لە دیهاتە سنووریەکان مەیلی مەسیحیەت روو لە زیاد بوون بێ!".

رەئیسی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی شاری بۆکان دەلی: "لەم ناوچەیەدا یەهودییەت تەبلیغ دەکرێ، بەراستی جیگای داخە کە لە ولاتی ئیمامی زەمان خەلك دینی رەسەنی ئیسلام وەلا بنین و روو بکەنە فیرقەی کەززاب!".

بەراستی ئەم کەللە ویشکانە بەم سیاسەتەیان تەنیا ئەوەمان پێ دەلین کە کۆمەلگای کوردستان ناناسن و لە رادەی وشیاری و ئەزمونی دەولەمەندی خەباتی شورشگیرانە لەم ناوچەیە بێخەبەرن.

# جاریکی تر موعەلیمانی ئیران دەنگی نارەزایەتی هەلدەبرن

## راپورتیك لە کوبونەوەی نارەزایەتی موعەلیمانی ناحیەی ١ و ٢ شاری سنە

بە پیی بانگ هیشتی کانونی ریکخراوەی پیشەیی موعەلیمانی سەراسەری ئیران ، ریکخراوی پیشەیی موعەلیمانی شاری سنە لە راگەیاندنیك دا داوای لە موعەلیمان کردبوو تا لە روژی ١٣ ی گولان هاوکات لە گەل باقی ناوەندە پیشەییە کانی موعەلیمانی ئیران لە شوینی ئیدارەی فیر کردن و بارهینان کوبوونەوەی هیمنانەی خویان بو دەربرینی نارەزایەتی بەرانبەر بە پیی رانەگەیشتن بە خواست و داواکاریەکانیان وەری خەن . هەر لەو پەیوەندیە دا روژی ١٣. ٢ . ١٣٨٣ نزیکەی ٧٠٠ کەس لە موعەلیمانی ناوچەی ١ و ٢ ی فیر کردن و بارهینان لە شەقامی ئکباتان بە بەرز کردنەوەی پلاکارد گەلیك کە لە سەری نوسرابوو :

-ئیمە نارەزایەتی مان تا گەیشتن بە خواستەکانمان دریژە پی دەدەین

-موعلیم یەکیەتی ، یەکیەتی

بروانە ل ٢

# هەوالەکانی مانگرتنی سەراسەری موعەلیمانی ئیران

## هەلسووراوانی ئەنجومەنی مەعەلیمان لەشاری دیواندەرە لەلایەن ئیتلاعاتەوە بانگهیشت دەکرین.

لە چەند رۆژی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە هەلسووراوانی موعەلیمان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعات و سەرچاوە ئەمنیەتیەکانەوە بانگهیشت کراون و هەرەشەیان لی کراوە کە نابی دەست بدەنە تەحەسون. بەکریگیراوانی رژیم بەمجۆرە دەیانهەوێ بەر بە تەحەسونی موعەلیمان لەم شارە بگرن.

هۆکاری سەرەکیشی ئەوەیە کە شاری دیواندەرە، یەکیك لە ناوەندە گرینگ و بەرچاوەکانی تەحەسونی موعەلیمان لە مانگی رەشەمەی رابردوو بووە. هەروەها لە خۆپیشاندانەکانی چوارشەممە سووری لە دیواندەرە، ژمارەیەك موعەلیم دەستگیر و دواتر بە زەمانەت ئازاد کران. هەر بەپیی ئەم هەوالە

بروانە ل ٢



## کریکارانی کورەخانە، دەوریکی تری چەوسانەوە

### وتوویژیك لەگەل هاورێ حەسەنی رەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە و حیزبی کۆمۆنیستي ئیران سەبارەت بە دەست پێکردنی کاری کورەخانەکان

بروانە ل ٣

# بەرەوپیش چوونی شۆرش لە بەرەوپیش چوونی بزووتنەوەی چینی کریکار و بزووتنەوەی سوسیالیستی ئەو چینە دایە

بروانە ل ٣

پیشڕەو

دەورەی دووهەم ژمارە ١٨٨ نیوەی ئەوەلی گوڵانی ١٣٨٣- مەی ٢٠٠٤

## پاشماوەی پشتویانی کردن له کریکاره دەستگیر..

ڕۆژی یەکی مەیەوە هەوال گەلیك لە نیوان کریکاران و بنەمالەکانیان بلاو بووەوە کە باسی لەوە دەکرد کە مەراسمیك لە پارکی کودەکی شاری سەقز بەم بۆنەیەوە وەری دەخریت. کریکاران دەستە دەستە بەرەولای شوینی بەریوە بردنی مەراسیمەکە ئەچوون کە لەگەل هیزە چەکدارەکانی وەك گاردی ویژە و مەئمورانی ئیتلاعات و لیباس شەخسیەکان و بەکریگیراوە مەحەللییەکان بەرەوروو بوون کە پارکی کودەك و ئەم شەقام و کۆلانانەیان کە بەرەو ئەو پارکە دەچن گەمارۆ دابوو. کریکاران کە بەریوە بردنی ئەم ڕێ و ڕەسمە بە ماف سروشتی و عادلانەی خۆیان دەزانن، مەراسیمەکەی خۆیان لە یەکیك لە کۆلانەکانی نزیك بەو پارکە دەست پیکرد. لەگەل ئەوەی کە کریکاران یەکەمین دروشمی بژی یەکی ئەیاریان بەرز کردەوە، مەئمورانی جینایەتکاری ڕژیم هیرشیان کردە سەر کۆبوونەوەکە. ئەم هیرشەی بەکریگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی یەکی مەی دا بۆسەر کۆبوونەوەی کریکارانی شاری سەقز وەبیر هینەرەوەی هیرشی بەکریگیراوانی سەرمایە لە سالی ١٨٨٦دا بۆسەر کریکارانی نارازی شیکاگویە کە بۆ وەدەست هینانی داخوازەکانیان هاتبوونە سەر شەقامەکان.

٣ سال دوای سەرکوتی وەحشیانەی کریکارانی شیکاگو، ئەنترناسیونالی دووهەم، بۆ ڕیزگرتن لە فیداکاری و هەولەکانی کریکارانی ئەم شارە ڕۆژی یەکی مەی وەك ڕۆژی جیهانی کریکاران ڕاگەیاند. لەم کاتەوە هەتا ئەمرۆ کریکاران بۆ وەدەست هینانی مافەکان و داخوازەکانی خۆیان و لەوانەش تەعتیلی ڕۆژی یەکی مەی وەك ڕۆژی جیهانی کریکار خەباتیان کردووە. لە زۆریەك لە ولاتان کریکاران توانیویانە کە بە یارمەتی خەباتی یەکگرتوانە و ئیعترازاتی خۆیان ئەم ڕۆژە وەك تەعتیلیەکی ڕەسمی بەسەر دەولەتانی سەرمایەداری دا بسەپینن. بەلام لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی ڕژیمی ئیسلامی دا هەتاکوو ئیستا ئەم ڕۆژە بە ڕەسمی نەناسراوە و سەرانی ئیسلامی ئیران بە تەمان کە بە دانی ڕەنگ و بۆی مەزهەبی بەو ڕۆژە، وەك لە دایك بوونی پیغەمبەری ئیسلام و کوژرانی موتەهری، ئەم ڕۆژە لە ناوەرۆکی چینایەتی و خەباتگیرانەی کریکاری بەتال کەن و وەك ڕۆژیکی مەزهەبی دەرخواردی کریکارانی بدەن، بەلام چینی کریکاری ئیران سەرەرای هەموو هەوراز و نشیو و سەرەرای تەواوی ئەم زەربە کاریگەرانەی کە لە کۆماری ئیسلامی و دەسەلاتداریتی ئەم ڕژیمە خواردویەتی هیچ کات سەری تەعزیمی لە بەرامبەر جینایەتکارانی ئەم ڕژیمە دانەنەواندووە.

کریکارانی وشیاری کوردستان بە دریژایی دەسەلاتداریتی ڕژیمی ئیسلامی، خەبات لەدژی ئەو ڕژیمە و یاسا و ڕیسا و نیهادەکانی وەك خەباتی ڕۆژانەی خۆیان چاو لیکردووە و هەمیشە دژ بەوانە ڕاوەستاون.

بەریوە بردنی ڕێ و ڕەسمی ئەوەلی مانگی مەی لە کوردستان و بە تایبەتی لەشاری سنە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠دا، بەشیکە لە میژووی پرشنگداری بزووتنەوەی کریکاری لە کوردستان و ئیراندا. ئەوەلی مانگی مەیەکانی کوردستان بە خوینی کریکارانیکی وشیاری وەك جەمالی چراغ وەیسی و بە قیمەتی ئەشکەنجە و ئاوارەیی و زیندانی بوونی دەیان هەلسوراوی کریکاری تر پیگەیشتووە و ئیستاکەش بۆتە سوننەت. ئەگەر زولم و زۆری نیزامی و دەسەلاتداریتی سەرکوتکارانە ئیجازەی ئەوەی بە کریکاران نەداوە کە کۆبوونەوە عەلەنی و بەربلاوەکانی خۆیان لە شارەکانی کوردستان دا پیك بینن، بەلام بەریوە بردنی دەیان کۆبوونەوەی چکولە و گەورە لەنیوان کریکاراندا نیشان دەری ئەم ڕاستیەیە کە ئەم سوننەتە کریکارییە لە نیوان کریکاران و خەلکی ئازادیخوازی کوردستان دا ڕیشەی داکوتاوە. لە چەند سال لەمەوبەرەوە کریکارانی سەقز و خەبازانی ئەو شارە، پیشڕەوی مەترەح کردنی ئەم خواستانە بوون، ئەوان بە مەحکوم کردنی کوشتاری کریکارانی خاتون ئاباد و ڕاگەیاندنی هاوپشتی خۆیان لەگەل ئەوان و بە پشتیوانی کردن لە داخوازییەکانی کریکارانی ئیران خودرەو و دەست کیشانەوەی ٥ دەقیقەیی لەسەر کار بە نیشانەی ئیعتراز بە کوشتاری کریکارانی خاتون ئاباد، لەسەر داخوازی کۆمەلیك لە کریکارانی ئاگاە و خەباتگیر، بە کردەوە هاوپشتی خۆیان لەگەل چینی کریکاری ئیران نمایش داوە. هەروەها بە بەریوە بردنی سەربەخۆی ڕێ ورەسمی یەکی مەی، یەکگرتوویی و هاودلی خۆیان لەگەل چینی کریکاری جیهانی دەربریوە. ئەوان ئەوەیان سەلماند کە سنورە دەستکردەکان و ڕەگەز و مەزهەب و مللیەت ناتوانی بەر بە هاوپشتی و یەکگرتوویی کریکاران بگریت و زنجیرەکانی چەوساندنەوە و هەلاواردنیان پچراند.

ئیستاکە کە ٧ کەس لە هەلسوراوان و پشتیوانانی بزووتنەوەی کریکاری لە شارەکانی سەقز و تاران و بۆکان و لە دیفاع لە سوننەتیکی جیهانی کریکاری لە سیاچالەکانی ڕژیمی ئیسلامی دا ئازار دەدرین، وەزیفەی هەر ئینسانیکی ئازادیخواز و هەر سوسیالیستیکە کە پشتگیری لەو زیندانیانە بکات و هەستیت بۆ دیفاع کردن لەوان. دیفاع لەوان، دیفاعە لە بزووتنەوەی کریکاری، دیفاعە لە هاوپشتی چینایەتی جیهانی کریکاران و دیفاعە لە ئەوەلی مانگی مەی و باقی سوننەتەکانی چینی کریکار.

## پاشماوەی خۆپیشاندانی ئەوەلی مانگی مەی

ئیران، بۆ ڕیزگرتن لە ڕۆژی جیهانی کریکار ڕیژە ڕۆیشتن. "شورای ئەوەلی مانگی مەی" بەر لە

گەیشتنی ڕۆژی کریکار داوایان لە بەرپرسانی ڕژیم کردبوو شوینیکیان پیبدەن تاکو ڕێ ورەسمی ڕۆژی کریکاری تیدا بەرپا بکەن. بەلام لەگەل ولامی سەرسەریانەی کار بەدەستانی ڕژیم لەو شارە بەرەوروو بوون. هەر بۆیە "شورای ئەوەلی مانگی مەی" شەقامەکانی شاریان بۆ نمایش دان و بەریوە بردنی ڕێ ورەسمی ئەوەلی مانگی مەی هەلبژارد.

کریکاران لە ڕیزیکی ڕیك و پیك دا ئەم حەرەکەتە هیمنانەی خۆیان دەست پیکرد، بەلام نزیکەی سەعات ٥ی دوانیوەرۆ ڕیزی کریکاران کەوتە بەر هیرشی هیزە چەکدارەکانی ڕژیم. لەم هیرشەدا ٤٠ تا ٥٠ کەس لە کریکاران و بۆ وینە مەحمودی سالحی و موحسنی حەکیمی، دوو کەس لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی کریکاری ئیران و سەید جەلالی حوسینی، لە ڕیبەرانی مەحەللی کریکاری، دەستگیر کران. بەکریگیراوانی ڕژیم دواتر هەلیان کوتایە سەر مالی مەحمودی سالحی و سەرەرای نانەوەی فەزایەکی پرمەترسی، تەواوی مالەکەیان پشکنی و کامپیوتر و هیندیك ئەسنادی ناوبراویان لەگەل خۆیان بردوە.

ئەنجومەنی کریکاری جەمالی چراغ وەیسی ویرای مەحکوم کردنی ئەم کردەوە وەحشیانەیەی دەست و پیوەندەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە شاری سەقز، خوازیاری ئازاد کردنی بێ قەید و شەرت و دەست بەجیی دەستگیر کراوەکانە. داوا لە ڕیکخراوە کریکاری و ناوەندەکانی ماف مرۆڤ دەکەین کە ویرای دەربرینی نەفرەت و بیزاری خۆیان لە هیرشی هیزە چەکدارەکانی ڕژیم بۆسەر کریکاران هەولەکانی خۆیان بۆ ئازاد کردنی دەست بەجێ و بێ قەید و شەرتی کەسە گیراوەکان بخەنە گەر.

ئەنجومەنی کریکاری جەمالی چراغ وەیسی
ئەوەلی مانگی مەی ٢٠٠٤

## پاشماوەی نارەزایەتی موعەلیمانی شاری سنه

-ئیمە خوازیاری لابردنی هەلاواردن لە فیر کردن و بار هینانین

-ئیمە خوازیاری ئازادی بەیان و بیر و باوەرو و پەرەگرتنی عەقلانیەت لە فیر کردن و بارهینانین

-ئیمە هاوپشتی خومان لە گەل تەواوی موعەلیمانی ئیران ڕادەگەینین

-ئیمە خوازیاری ئیسلاحی نیزامی هاوئاهەنگی حەقدەستین

ئەم کوبونەوە هیمنانە کە تا کاتژمیر ٩ بەیانی لە پیادەرەوی بەر دەرکی ئیدارەی گشتی بو ، بە دەستی چەند کەس لە بەکریگیراوانی لیباس شەخسی برایە حەوشەی ئیدارەوە ، خەلکیکیش کە لە شەقامە کەوە هاتوچویان دەکرد بە بەرز کردنەوەی دەس هەستی و هاوپشتی خویان لە گەل موعەلیمان دەر دەبری بەلام هیزەکانی لیباس شەخسی و مەئمورەکانی ڕژیم لە پەیوەست بونی خەلك بەم کوبونەوە بەرگیریان دەکرد .

هەروەها چەند کەس لە موعەلیمان سەبارەت بە ئازادی بەیان و بیر و بوچون و هەل و مەرجی ژیان و حەقدەستی موعەلیمان و سیستەمی دژی عیلمانی و دژی فەرهەنگی لە دەزگای فیر کردن و بارهینانی ئیران چەند وتەیەکیان پیشکەش کرد ، لە دوایی دا یەکیك لە موعەلیمانی لە سەر کار دەرکراو بە نوینەرایەتی لە لایەن ١٥٠٠ موعەلیمی لە سەرکار دەر کراو بە دەستی دەزگای کونەپەرەستی ڕژیم بە بیانوی بوچونی سیاسی لە دوای شورشی ٥٧ کە لە سەرکار دەر کراون وتەیەکی پیشکەش کرد و هاوپشتی خویانی لە گەل موعەلیمانی نارازی کوردستان و ئیران ڕاگەیاند . لە کوتایی دا قەتع نامەیەکیان بلاو کردەوە کە لە ١٠ خال پیك هاتبوو وە لە چەند خالی دا ئەم داخوازی یانەی لە خو گرتبوو :

_ئازادی بەیان بیر و باوەر

_ئازادی هەلسوراوان و موعەلیمانی دەسگیر کراو لە نارەزایەتی دەربرینەکانی ڕابوردوو

_ئیجازەی بلاو کردنەوەی گوڤاری هەوتوانەی " قەلەمی موعەلیم "

-ئەمنیەتی پیشەیی لە فیرکردن و بارهینان

-بریاری هاوپشتی لەگەل موعەلیمانی سەرتاسەری ئیران تا گەیشتن بە تەواوی خواستەکانیان

ئەم کوبونەوە شکودارە لەکاتژمیرە ١٢/٥ نیوەرو کوتایی پی هات .

## پاشماوەی مانگرتنی سەراسەری موعەلیمان لەئیران

ئەو موعەلیمانە کە بانگهیشت کراون، لە هەرەشە و گورەشەی هیزەکانی ئیتلاعات چاوترسین نەبوون. لەگەل ئەوەش دا بو وەدی هاتنی خواستەکانیان داوای زەمانەتیان لە بەرپرسانی دەولەت کرد.

موعەلیمان هەروەها مانگرتن و تەحەسونیان بە ماف ڕەوای خۆیان زانی.

## موعەلیمانی شاری مەریوان دەستیان دایە کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی

بەیانی روژی یەکشەممە ١٣ ی گولان هاوکات لە گەل کوبوونەوی نارەزایەتی موعەلیمانی شاری سنە ، موعەلیمانی شاری مەریوانیش کوبوونەوەی ئیعترازی خویان لە بەرانبەر ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی ئەم شارە وەری خست . موعەلیمانی شاری مەریوان هاوکات لە گەل خو پاراستنیان لە چوونە سەر کلاسەکانی دەرس داخوازی و داواکاری یەکانی خویان گەیاندە بەر پرسانی ئاموزش و پەروەرشی ڕژیم لەم شارە و خوازیاری وەدی هاتنیان بوون .

## مانگرتن و تەحەسونی موعەلیمان لە تەوریز، کرماشان و ورمێ دەستی پێکرد

بەپیی ڕاپورتەکان مانگرتن و تەحەسون لە ژمارەیەك لە شارەکانی ئیران وەکو: تەوریز، کرماشان و ورمێ لە ئەمرووەوە دەستی پێکردوە.

موعەلیمان و فەرهەنگیانی شاری کرماشان و شارستانەکانی ئوستانی کرماشان کوبونەوەی نارەزایەتی دەربرینی خویان یان لە کات ژمیر ٩ بەیانی ڕیکەوتی ١٣ی گولان لە بەرانبەر ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی ئوستان دەستی پێکرد . هاوکات تەحەسونی خویان هەر لەم پەیوەندی یەدا دەستی پی کردوە.

لە ورمێ ڕۆژی یەکشەممە ڕیکەوتی ١٣ی گولان سەعات ٨ی بەیانی جاریکی دیکە مانگرتنی خویان دەست پی کرد و خویندکارانیش بە پشت گیری لە ئەوان لە گەلیان حوزوریان بو. مانگرتن لە مەدرەسەکانی ئەم شارە دەستی پی کردوە و ئیستاش مەدرەسە کانی: مەعنەوی، خومەینی، ڕەسالەت و زوریك لە مەدرەسەکان داخراون.

## کونفدراسیونی جیهانی ئیتحادیەکانی کریکاری ئازاد لەسەر دەستگیر کردنی هەلسووراوانی کریکاری لە سەقز بە ڕەسمی لە کۆماری ئیسلامی شکایەت دەکات.

بەدوای گرتنی ٤٠ کەس لە ڕیپیوانی ڕۆژی کریکار لە ئەوەلی مانگی مەی ٢٠٠٤ لە سەقز کە یەکیکە لە شارەکانی کوردستانی ئیران، کونفدراسیونی جیهانی ئیتحادیەکانی کریکاری ئازاد، شکایەتی ڕەسمی بە ڕیکخراوی جیهانی کار لە ڕۆژی یەکشەممە ٢ی مەی دەدات.

هەروەها (I cf tu) داوای لە "خوان سومادیا" دەبیر کوللی ڕیکخراوی جیهانی کار کردوە کە بۆ ئازاد کردنی گیراوەکان بە زوترین کات لەگەل بەرپرسانی تاران قسە و باس بکات. بەپیی زانیاری کونفدراسیونەکە سەدان کریکار و بنەمالەکانیان لە خوپیشاندان و ڕیپیوانیکی هیمنانە بۆ ڕیزگرتن لە ڕۆژی کریکار لە شاری سەقز بەشدارییان کردووە، ڕێ ورەسمەکە بە تیکۆشانی "شورای ئەوەلی مانگی مەی" کە ڕیکخراویکە لە هەلسوراوانی کریکاری شاری سەقز و جیاواز لە نیهادە ژیر دەستەکانی حکومەت ساز کرابو.

لە نزیکی کات ژمیر ٥ی دوانیوەرۆ خۆپیشاندەران کەوتنە بەر هیرشی هیزەکانی ئینتزامی کە مەئمورەکانی ناسراو بە لیباس شەخسیەکانیش لەگەل بوون.

بەپیی ڕاپورتیك کە لە بەردەست دایە، زیاتر لە ٤٠ کەس لە بەشداربوانی ئەم ڕێ و ڕەسمە گیراون و ڕەوانەی زیندانەکان کراون. لەنیو گیراوەکاندا "مەحمودی سالحی" لە ڕابەرانی ناسراوی کریکاری کە لە سالی ٢٠٠١دا بۆ ماوەی ١٠ مانگ لە زیندان دا بو، "جەلال حوسەینی" لە ڕابەرانی کریکاری ناوچەکە و هەروەها "موحسنی حەکیمی" هەلسوراوی ناسراو و ئەندامی کانونی نوسەرانی ئیران بەرچاو دەکەون.

هیزی ئینتزامی بە دوای گرتنی ناوبراوەکان هیرش دەباتە مالی "مەحمودی سالحی" و دەس بەسەر کامپیوتر و مەدارکی ناوبراودا دەگرن.

پیویست بە باس کردنە کە بنەمالەی گیراوەکان و خەلکی شاری سەقز لەبەر دەرکی ناوەندەکانی ئەمنیەتی و ئینتزامی کۆبوونەتەوە و خوازیاری ئازادی گیراوەکانن.

کونفدراسیونی جیهانی یەکیتی کریکاران زۆرتر نیگەرانی مەحمودی سالحی و موحسینی حەکیمین کە دو ڕۆژ پیش گرتنیان لەگەل هەیئەتیکی ئەم کونفدراسیونە کە حەوتوی ڕابردوو چووبونە ئیران چاو پێکەوتنیان هەبووە. ئەم هەیئەتە بە تەواوی لە نزیکەوە لەلایەن هیزە ئەمنیەتیەکانەوە لەژیر چاوەدیری دا بوون. ئەم کونفدرراسیونە لەسەر ئەو باوەرەیە کە پشکنینی مالی "مەحمودی سالحی" و دەس ڕاگرتن بەسەر کامپیوتیرەکەی ناوبراودا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە پەیوەندی ناوبراو و بە ئەم کونفدراسیونەوە.

"کونفدراسیونی جیهانی ئیتحادیەکانی کریکاری ئازاد" بابەتی ئەم شکایەتەی بە شکایەتی ڕابردووی خۆی لە ئیران سەبارەت بە کوژرانی ٤ کریکاری مانگرتوی "شەهر بابەك" کە لە سەرەتاکانی ئەمسال بە کومیتەی ئازادی ڕیکخراو بون پیشکەش کردبوو زیاد دەکات.

جیگای ئاماژەیە کە "کونفدراسیونی جیهانی ئیتحادیەکانی کریکاری ئازاد" ١٥٠ ملیون کریکار لەلایەن ٢٣٣ ناوەندی ئیتحادیەیی لە ١٥٢ ولاتی جیهان نوینەرایەتی دەکات.

**پرسیار:** لە سەرەتای بەهارەوە، هەوڵ دان بۆ کار کردن لە کورەخانەکان لە نیو ئەم بەشە لە چینی کریکاری کوردستاندا دەست پێدەکات. پیمان خۆشە سەرەتای پرسیارەکەمان بە چلونایەتی هەوڵدان بۆ پەیدا کردنی کار لەلایەن کریکاران و هەوڵ دانی خاوەن کارەکانەوە دەست پێ بکەین. ئەم سەرەتایە چۆن دەست پێدەکات و بە کوێ دەگات؟

**وەڵام:** کۆتایی زستان و تواندنەوەی سەهولبەندان و بەستەلەك تەبیعەت و سروشت بەرەو پیشوازی بەهار و جوانیەکانی دەچن مرۆڤیش وەك بەشیك لە تەبیعەت بۆ دەست پێکردنی ژیانی بەهاری و کەلك وەرگرتن لە سروشت هەوڵ و تەقالایەکی سەر لەنوێ دەست پێدەکات. خەلك لە مالان دینە دەر روو لە تەبیعەت و کانی و ئاو و جوانیەکانی دەکەن لەناو زۆرینی کۆمەلگادا کەمایەتیکی چکولە کە لەناز و نیعمەت و خۆشی دا بەسەر دەبەن و هەموو ئیمکاناتیکی ژیان لە بەردەستیان دایە سەرما و گەرما و بەهار و پاییز پیوەیان دیاری نادات. بەلام بۆ زۆربەی کۆمەلگای کوردستان و ئیران کە لە فەقیری و هەژاری دا دەژین کۆتایی زستان و هاتنی بەهار بە مانای کەلك وەرگرتن لە سروشت و جوانی و خۆشیەکانی نیە، بەلکوو بە مانی هەلوەدا بوون بە شوین کار و خۆساز کردن بۆ چەوسانەوە و پەیا کردنی پاروە نانیکی هەژارانەیە. بۆ ئەم جەماوەرە بەرینە زستان نەك فەسلی حەسانەوە لە کاری قورس و تاقەت پروکینی چەند مانگی پیشوو، بەلکوو بەهۆی بیکاری فەسلی کولانەوە و سەرهەلدانی زام و ئازارەکانی بیکاری و وەرزی برسیەتی و گیروگرفتی بێئەژمارە. لەم نیوەدا کریکارانی فەسلی کە بەشیکی زۆریان کریکارانی کۆچەرەن و چەند مانگ لە دەرەوەی کوردستان یان شوینی ژیانیان دەژین و چەند مانگی دیکە پاشەرۆکی ئەو ماوەیان دەخون هەل و مەرجیکی زۆر سەخت تریان هەیە. واقعیەت ئەوەیە کە بەهۆی نەبوونی ناوەندی سەنعەتی گەورەوە. تویژیکی گەورە لە چینی کریکاری کوردستان کریکاری فەسلین. ئەم بەشە لە کریکارانی کوردستان کە بە خۆیان و مال و مندالیانەوە هەلوەدای کار کردنن بە سەدان هەزار کەس لە کریکاران پیك دینن. کریکارانی فەسلی کوردستان لە ئوستانەکانی کوردستان و ئازەربایجانی غەربی دا، تەقریبەن بە دوو بەشی سەرەکی کار کردن دابەش دەبن. زۆربەی کریکارانی مەنتەقەی جنوبی کوردستان تا سەقز و بانەیش بەرەو کاری ساختومانی و کار لە بەندەرەکان و ناوەندەکانی دیکەدا دەچەن و زۆرتر سەلتن و پیاوان و کورانی گەنج بۆ ئەم بەشە لەکار بنەماڵە و شوینی ژیان بەجێ دەهیلن. ئەم بەشە لە کریکاران و موشکلات و گیروگرفتەکانیان ئیستا جێ باسی ئیمە نیە. بەلام بەشیکی دیکە لە کریکارانی فەسلی کە زۆرتر لە شارەکانی بۆکان و مهاباد و باقی بەشەکانی شمال پیك دین، کریکاری کورەخانەن کە ئیستا سەرەتای دەست پێکردنی کاریانە و جێ باسی ئەم وتارەن.

لە رۆژەکانی ئاخری زستان و سەرەتاکانی بەهار دەنگوی چی بکەین و لە کوێ کار پەیدا بکەین لەنیو کوڕ و کۆمەل و بنەماڵەی کریکارانی کورەخانەدا سەر هەلدەدات. هەروەها لە لایەکی دیکەوە خاوەن کورەخانەکانیش وەجم و جول دەکەون بۆ پەیدا کردنی کریکار بۆ سالی تازە و دەست بە کار بوون. ئەم هەولانە لە دوو لایەنی جیاوازەوە دەست پێدەکات.

خاوەن کارەکان لە ریگای سەرکاریگەرەکانیانەوە سەر لە کۆلان و گەرەکە فەقیر نشینەکانی شارەکانی کوردستان وەك مەجبورئاوا و جۆرئاوا و حەمالئاواکان دەدەن هەتا کریکار بە حەقدەستی کەم و خواست و تەوەقوعی نەزم رازی کەن و لە هەولی کەلەکە کردنی پارە و پول لە دەوری داهاتووی کاردا دەبن. لە لایەکی دیکەوە کریکاران و بنەماڵەکانیان بیر لە کار لە کورەخانەی بە ئیمکاناتتر و حەقدەستی زیاتر و باقی ویست و خواستەکانیان دەکەنەوە. سەرکاریگەرەکان کە نوینەری خاوەن کورەکانن زۆرجار مال بەمال دەگەرین هەتا کریکارانی کەم تەوەقوع بۆ کوڕی ئەربابەکانیان پەیدا کەن و بە وەعدە و بەلینی ناراست بیان خەلەتینن. هەر لەم سەرەتای بینین و چاوپیکەوتنانەوە کیشە و ململانی نیوان کریکاران و نوینەرانی خاوەن کورەکان دەست پێدەکات. سەرکاریگەرەکان هەول دەدەن بە وەعدە و بەلین و دیاری نەکردنی حەقدەستەکان و خستنە ئەستۆی زۆر شت وەك حەقی هات و چۆ و خاوین کردنەوەی شوینی کار و ژیان و شتی دیکەی بێکرێ بە کریکاران و بەرگری لە دامەزراندنی کریکارانی هەلسووراو و تیکۆشەر کە لە سالانی رابردوودا رچەشکین و هەلخەرینەری خەبات و مانگرتنی کریکاران بووە، هەر لەم سەرەتای دەست پێکردنی کارە و هەل و مەرج بە قازانجی خاوەن کارەکان و بە زیانی کریکارانی بشکینەوە. خاوەن کارەکان بە وەعدە و بەلین ئەوەی کە نەرخی خشت دیاری کراوە و نازانین لە سالی تازەدا چەند دەبیت و لە خەلکی دیکە کەمتر نادەین، هەولی فریو و دەست بەسەر کردنی کریکاران دەدەن و لە راستی دا خۆ لە دیاری کردنی حەقدەستەکان دەپارێزن. لە لایەکی دیکەوە هەر لەم سەرەتای کارەوە بە جیا کردنەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی کریکارانی کورەخانە وەك قالبدرا، چەرخ کیش، کورەسوز و قرمزدار لە یەك و قسەی بە جیاواز لەگەلیان سەبارەت بە حەقدەست و قەراردادی هەر کەس بۆ خۆی بەردی تەفرەقە و جیاوازی دادەنین و هیزی هاوبەشی کریکاران لەیەك دەبرن. جیاواز لەم خالە سەرەکیانە باسمان کرد خاوەنکار وەدەست و پیوەندەکانیان هەر لەم سەرەتای دەست بەکار بوونەوەی زۆر فەرت و فیلی دیکە لەدژی کریکاران و بنەماڵەکانیان بەکار دینن و ئیدارەی کار و هیزە نیزامی و ئیتلاعاتیەکانی کۆماری ئیسلامیش وەك رابردوو بە پالپشت و پشتیوانی خۆیان دەزانن و لە کاتی پیویست دا پەنایان بۆ دەبەن و کەلکیان لی وەردەگرن.

**پرسیار:** لە بەرانبەر هەول و تەقالای خاوەنکار و سەرکاریگەرەکاندا کە نوینەری ئەوانن کریکاران چی دەکەن؟ یا بە وتەی دیکە دەبێ چی بکەن؟

**وەڵام:** لە بەرانبەر خاوەنکار و دەست و پیوەندەکانی دا ریزی بەرینی کریکاران و بنەماڵەکانیا کە لە کاری کورەدا ویرای یەك کار دەکەن و ئارق دەریژن قەراریان گرتووە. کریکارانی کورەخانەکان بۆ دیاری کردنی حەقدەست و تەرح و داخوازیەکانیان ئەمسالیش نابیت لە سفرەوە دەست پێبکەن. ئەوان ئەزمونی سالانی رابردووی کار لە کورەخانە و خەباتی هاوبەش بۆ بەدەست هینانی داخوازەکانیان هەیە. لەم بابەتەوە چەند خالی سەرەکی سەبارەت بە بەستنی قەرارداد و دیاری کردنی حەقدەست و کار و خەباتی هاوبەش وەبیر دینیتەوە.

یەکەم ئەوەی کە بەستنی قەرارداد کە خاوەنکار و سەرکاریگەرەان بە داهاتووی نادیار و دیاری کردنی نرخی فروشی خشتی دادەنین نابیت لەلایەن کریکارانەوە قەبوول بکریت. بەلکوو دەبیت خوازیاری ئەوە بین کە حەقدەستەکان لەسەر ئەساسی بانترین حەقدەستی سالی رابردوو، چوونە سەرەوەی قیمەتی کەل و پەل و پیداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خەلك لە بازاری ئاسایی بەپیی تەوەروم بیت. دووهەم دەبیت کریکاران خوازیاری بەستنی قەراردادی دەستەجەمعی و تیکرا لەگەل خاوەنکارەکان بن. قەراردادیك کە ویست و داخوازەکانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کاری کورەخانە لەخۆ بگریت. ئەم قەراردادانە دەتوانیت شاملی کورەخانەکانی منتەقەیەکی هاوبەش وەك وایگان، شیتە یا چومی مەجید خان و بگرە چەندین مەنتەقەی هاوبەش بیت. وەها قەراردادیك هەر لەم سەرەتای دەست پێکردنی کارەوە هیزی یەکگرتوو و هاوبەشی کریکاران بۆ خەباتی هاوبەش لەدژی سەرمایەداران و خاوەن کورەکان دینیتە مەیدان و ریکیان دەخات.

سیهەم کریکارانی کورەخانەکان پیویستە هەر لەم سەرەتای کارەوە پەی بە فرت و فیلی خاوەن کورە ببەن و بە زمانی شیرین و وەعدە و بەلینیان باوەر نەکەن. بۆ نموونە حەقی هات و چۆ بۆ شوینی کار لە کوردستانەوە و گەرانەوەی دواتر لە ئەستۆی خاوەن کورەیە و دەبیت لە قەرارداد بنوسریت.

هەروەها خاوەنکار نابیت خاوین کردنەوەی مال و شوینی ژیانی کریکاران و مەیدانەکانی خشت برین و شتی دیکە بە ئەرکی کریکاران بەبێ حەقدەست بزانیت. بەلکوو بۆ هەموو ئەوانە دەبیت حەقدەستی گونجاو و پیویست بە رەزایەتی خودی کریکاران بەوان پەرداخت بکات.

ژیان لە کورەخانەکان جیاوازی لە کار و چەوسانەوەی تاقەت پروکین، ژیانیکی سەخت و دژوار و لەو پەری بێئیمکاناتیدا. هۆکارەکەیشی چاوچنوکی و قازانج پەرستی خاوەن کورەکان و کەم تەوەقوعی و ریکخراو نەبوونی کریکارانە. کریکاران دەتوانن و پیویستە هەول بدەن مال و خانوی موناسب و بە ئنرازی پیویست، حمام و دەستشویی و توالیت، ئاو بەرق و بیهداشت و دەرمان، بیمەی سوانح و رووداوی شوینی کار و زۆر شتی دیکە وەك مافی بێ ئەم و ئەولای خۆیان چاو لی بکەن و بە خاوەنکارانی دابین بکەن.

خالیکی دیکە کە پیویستە ئامازەی پێ بکەین ئەوەیە کە کریکاران بەهۆی بیکاری و هەژاری. بەشیکیان پیش چوونە سەرکار موساعدە یان پولی پیش کار لە خاوەن کورەکان وەردەگرن. خاوەن کورەکان ئەو مساعدەیە وەك لوتف و مەنەت لە بەرانبەر کریکاراندا بەکار دینن. ئەمە لە حالیکدایە کە کریکاران زۆرجار ماوەیەکی دوور و دریژ کار دەکەن هیشتا حەقدەستەکانیان دیاری نیە و زۆرجار لە کاتی خۆیدا حەقدەستیان پێ نادریت وەدوا دەخەریت و هینندە جار پاش گەرانەوەیان بۆ شوینی ژیانیان ناچار دەبن چەند جار بۆ وەرگرتنی حەقدەستە دواخراوەکانیان سەری کورەخانەکان بدەن کە کۆلیك خەرجیان بۆ هەلدەگریت، بۆیە پیویستە کە کریکاران موساعدە نەك وەك لوتف و مەرحەمەتی خاوەن کورە بەلکوو وەك مافیکی خۆیان و بەشیك لە حەقدەستیان چاو لی بکەن و ئیجازە نەدەن خاوەنکار وەك ئیمتیازیك لەدژی ئەوان بەکاری بهینیت.

ژنان و مندالان و تازەلاوان وەك باقی کریکارانی پیاو لەکاری کورەخانەکاندا بەشدارن. جیاواز لە کاری هاوبەش ژنان ئەرکی مالداری و نان و خوراك دروست کردن و مندالداریشیان لەسەر شانە. هەر بەهۆی ئەو کارانەوە زۆربەی کاتەکان لە پیاوان زووتر بۆ کار کردن هەلدەستن و شەوانە درەنگتر دەخەون. زۆرجار بیندراوە ژنانی دووگیان لەوپەری بێئیمکاناتیدا لە کورەکان وەزعی حەملیان کردوە و مندالیان بوون. کە لە هیچ ئیمکاناتیکی بیهداشتی و دەرمان بەهرەمەند نەبوون. سەرەرای ئەم هەل و مەرجە سەختی کاری ژنان و کاری هاوبەش و شان بە شانی پیاوان، بەهۆی فەرهەنگی مەزهەبی و پیاوسالارەوە زۆرجار لەلایەن هاوسەر و باوك و براوە بێحورمەتی و لیدانیان دەرحەقیان ئەنجام داوە. لە بریار و تەسمیم گیریەکان سەبارەت بە کار، بەستنی قەرارداد، دیاری کردنی حەقدەست و بریاری ئیعتساب رەئی و نەزەری ئەوانیان وەرنگرتەوە و خەراونەتەوە پەراویزەوە. ئەمجۆرە رەفتارانە بەبێ هیچ ئەم لاو و ئەولاو و عوزر و بەهانەیەك بە زیانی هیزی هاوبەش و کاری هاوبەش و خەباتی هاوبەشی کریکارانی کورەخانەکان تەواو دەبیت و لە راستی دا هیزی ئەوان دوبەش دەکات و بە قازانجی خاوەن کورەکان تەواو دەبیت. هەر بۆیە پیویستە کە ژنان هەر وەکوو لە کار کردنی ناو کورە هاوبەشن و لە کاری مالەوەدا قورسایی هەموو کارەکانیان لە ئەستۆیە لە بریاردان لەسەر حەقدەست، بەستن قەرارداد و هەر بریاریکی دیکە بە ژیان و چارەنوسی کریکارانی کورەخانەکانەوە مەربوت بیت دەخالەتی چالاکیان هەبیت و رەئی و نەزەریان وەك پیاوان بە حیساب بیت.

**پرسیار:** لە کۆتایی دا پرسیارمان ئەوەیە کە لە سالانی رابردوودا کریکارانی کورەخانەکان بەردەوام لە حالی مەلملانی و مانگرتنی بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان بوون. خالی بەهیزی ئەو خەباتە کە کریکارانی کورە دەتوانن پێ پشت ئەستور بن بە باوەری ئیوە چیە؟

**وەڵام:** لە چەند سالی رابردوودا ئیعتساب و مانگرتن یەکگرتوانەی کریکارانی کورەخانە لە شوینە جۆراوجۆرەکانی کار لە هەموو ئیران وەکو کارامەترین چەکی خەباتی هاوبەشی کریکاران بۆ بەدەست هینانی ویست و داخوازەکانیان بەکار هاتووە و کریکاران دەرس و دەسکەوتی شیرینیان لی بەدەست هیناوە. خەبات و مانگرتنی کریکارانی کورەخانەکان وەك لاپەریکی پرشنگداری خەباتی کریکاری لە دوو دەیەی رابردوودا لەناو بزووتنەوەی کریکاری ئیراندا جێ خۆی کردوەتەوە. بەریوە بردنی کۆبوونەوەی گشتی کریکاران "مجمعی عمومی" پیکهینانی کومیتەی ئیعتساب لەکاتی مانگرتن و هەلبژاردنی میتی نوینەرایەتی بۆ قسە کردن لەگەل خاوەن کارەکان و ئیدارەی کاری رژیم، لابردنی نوینەرانی نالایق و سازشکار و دانانی رابەرانی دلسۆز و جیگای متمانە لەجێیان ئەو دەسکەوتە بەنرخانەیە کە لە خەباتی کریکارانی کورەخانەکاندا بەدەست هاتووە. ئەم دەسکەوتانە و زۆر تەجروبەی دیکەی هاوچینەکانمان هەر لەم سەرەتای کارەوە دەبیت لە بەرچاو بگرین.

دەور و تەئسیری پیشرەوانی سوسیالیست و رابەرانی عەمەلی و سوسیالیست و تیکۆشەرانی کۆمەلە لە خەباتی کریکارانی کورەخانەکاندا لە سالانی رابردوو غەیری قابلی ئینکار و چاوپۆشیە. بەدەست پێکردنی دووبارەی کار ئەرکە قورسەکانی پیشوی سازمان دان و ریکخستنی کریکاران دەکەویتە سەرشانی ئەم ئازیزانە. سالیکی پڕ لە دەسکەوت و تیکۆشانتان بۆ ئارەزو دەکەین.

## پاشماوەی بەرەوپیش چوونی شۆرش

ئەگەرچی مەجلیسی حەوتەم هیشتا بە شیوەی رەسمی دەست بەکار نەبوە، بەلام هەر لە ئیستاوە دیارە کە بە لابردنی ئیسلاح خوازانی ناو رژیم لە پرۆسەی هەلبژاردن و پاوان کردنی کورسیەکانی مەجلیس لەلایەن موحافزە کارانەوە، لەمەوبەدوا ناوەندە دەسەلاتدارەکانی ئیران هاوئاهەنگتر دەجولینەوە و ئیتر پرتە و پۆلەکانی سەرۆك کۆمار دەوریك نامینی، بەلام ئەم رووداوە بە مانای کۆتایی هاتنی قەیران لە ناوخۆی رژیم دا نیە و کیشە واقعیەکان هەر لەسەر جیگای خۆیان ماون.

هەرچەند کە لە سەرەتاوە ئەم رژیمە حاکمیەتی خۆی لە ریگای سەرکوتی خویناوی بەسەر کۆمەلگادا سەپاندووە، بەلام بەهۆی پیکهاتەی سیاسی و حقوقی و قەزایی خۆی هیشتا نەیتوانیوە کە بەرژەوەندیەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی ئیران بە بە شیوەی یەکسان دابین بکات. لە وەها هەل و مەرجیك دا بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی ئیران بە پشتیوانی ئەو دەسەلات و جیگا و شوینە ئابوورییەی وەدەستیان هیناوە، لە هەولی ئەوەدان کە کۆماری ئیسلامی بە ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دا ئیسلاح بکەن و یان لەگەل رژیمیك کە بۆ خۆیان چاوەروانی دەکەن جێگورکییان پێبکەن. بوونی ئۆپوزیسیونی جۆراوجۆری بورژوایی هەر لە سەلتەنەت خوازەوە و بگرە هەتا کۆماری خوازانی لائیك و غەیری لائیك و "چەپ" و میانەرەو، نیشاندەری ئەم راستیە حاشا هەرلنەگرن.

لە لایەکی ترەوە کۆماری ئیسلامی کە خۆی بەرهەمی سەرکوتی خوینینی شۆرشیکی جەماوەرییە، ئیستا و دوای تیپەرینی ۲ دەیە خۆی لە بەرامبەر خواست گەلیك دەبینیت کە کریکاران و جەماوەری ئیران بۆ وەدی هینانی ئەوان شورشیکیان وەرێ خستبوو و پیی نەگەیشتن. ئەگەر لە لایەکەوە بە بەرپا بوونی شورشیکی تر بورژوازی ترساندووە، لە لایەکی ترەوە، چینی کریکار و تویژە ئازار چیشتوەکان هەموو رۆژیك زیاتر لە رۆژی پیشو بە تەجرەبە بۆی دەر دەکەویت کە ئیسلاحی کۆماری ئیسلامی کە تا دوینێ ئیسلاح خوازانی دووی خوردادی، هەولیان بۆ ئەدا و ئیستاش موحافزەکاران بە ئاهەنگیکی جیاواز ئیبتکاری دریژەدانیان گرتوەتە دەست، هیچیان وەچنگ ناکەویت و هیچ ریگەیەك جیا لە بەرپا کردنی شورشیکی جەماوەریان لە بەردەم دا نیە.

ئایا کۆماری ئیسلامی و بورژوازی ئیران دەتوانن بۆ پاراستنی دەسەلاتی سەرمایەداری ئیران بەسەر ئەم قەیرانەدا زال بن؟ یان ئەگەر وردتر ئەم پرسیارە مەترەح کەین ئایا چینی کریکاری ئیران و بزووتنەوەی سوسیالیستی ئەو چینە ئەو هەلە بە بورژواوی

ئیران و ڕژیمەکەی دەدات کە بە سلامەت لەژێر باری ئەم قەیرانەدا بیتە دەرێ؟

کاتیك کە ئەم پرسیارە دیتە گۆڕی، ئوپوزیسیونی بورژوازی ئیران چ ئەو بەشەی کە خوازیاری روخانی کۆماری ئیسلامین و چ ئەو بەشەی کە ستراتیژی سیاسیان ئیسلاحی کۆماری ئیسلامیە چاو دەبرنە پەیوەندیەکانی ڕژیم لەگەل دەولەتانی رۆژئاوا. لەم بوارەدا، بالی موحافزەکاری ڕژیم، دەمیك بەر لە هەلبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەم ئەو بەلینەیان بە دەولەتانی رۆژئاوا و تەنانەت بە ئامریکا دابوو کە دوای ئەوەی ناوەندەکانی دەسەلات هەمووی کەوتە دەست ئەوان هیچ گرفتیك لە پەیوەنهدیەکانیان لەگەل ئەم ولاتانەدا پیش نایات. ئیستا کە دەست تیوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کار وباری عیراق و وروژاندنی رەوتە ئیسلامیەکان و تەیار کردنیان بە چەك و چولی نیزامی، پەیوەندییەکانی نیوان ڕژیمی ئیسلامی و دەولەتی ئامریکای تووشی قەیران کردوە دەیهەوی ئەوە نیشان بدات کە دەولەتی ئامریکا بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعی ئەم ولاتە پیویستی بە کۆماری ئیسلامی هەیە و بەم شیوەیە دەیهەویت کە لە ساد و سەودا پشتی پەردەدا لە ئامریکا ئیمتیاز وەرگرێ. دەولەتی بوشیش کە بۆ هەلبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئامریکا، زیاتر لە هەر شتیك پیویستی بە ئارامی و سەقامگرتوویی ولاتی عیراق هەیە، ئامادەیە هەتا لەگەل کۆماری ئیسلامی سات و سەودا بکات.

ولاتە ئوروپاییەکان لەگەل کۆماری ئیسلامی دریژە بە سیاسەتی دیالۆگی رەخنە گرانە ئەدەن و تا کاتیك کە ئالترناتیویکی بە قازانجی بەرژوەندیەکانی خۆیان لە جێی کۆماری ئیسلامی دانەنین، هەروا لەم ڕژیمە بە کردەوە پشتیوانی دەکەن. فشارەکانی ئامریکاش بۆسەر ڕژیمی ئیسلامی تەواو کونترول کراو و سنور دارە.

ئەگەرچی بە هەر ئال و گۆڕیك لەسەرەوە، جاریکی تر داهاتووی ئیران دەخریتە بەر باس و لیکۆلینەوە، بەلام رەوتی روداوەکانی ئەم چەند سالەی رابردوو دەرخەری ئەم راستییەیە کە بەبێ ریکخراو بوونی چینی کریکار لە ریکخراوە سەراسەریەکانی خۆیدا و بەبێ بەشداری هەلسووراوانەی بزووتنەوەی سوسیالیستی ئەو چینە لە سەحنەی خەباتی سیاسی دا، رۆژژمیری کردن بۆ کۆتایی عومری کۆماری ئیسلامی تەنیا کاری ئەم رەوتانەیە کە لە دنیای واقیع دا بە تەواوی چینی کریکاریان لە ستراتیژی سیاسی خۆیان دەرهاویشتووە.

چینی کریکار لەم چەند سالەی رابردوودا و سەرەرای ئەو هەل و مەرجە نالەبارەی کە تێیدا بووە، لە بەرامبەر هیرشی وەحشیانەی بورژوازی ئیران دەولەتی پشتیوانی بورژوازی، خوراگرانە پاریزگاری لە گیان و کار و ژیانی کردووە و هەر لەو پەیوەندیەدا سەدان مانگرتنی گەورە و بچوك و سەدان کۆبوونەوەی ئیعتزازی وەری خستووە. بەلام لەبەر ئەوەی کە ئەم خەباتە لیك بلاو و جیاجیا ئەنجام بەریوە چوون چینی کریکار نەیتوانیوە کە بەر بە هیرشی و بورژوازی و دەولەتەکەی بۆسەر ژیان و بەرێ و چوون و ئازادیەکانی بگرێ. ئەگەر کۆمۆنیستەکان هەمیشە پیشرەوی و پاشەکشەی شورشی کریکارییان نە بەپیی ئارەزوەکانی خۆیان بەلکوو لە رووی رادەی ریکخراو بوون و ریژەی بەشداری کریکاران لە مانگرتنەکاندا هەلسەنگاندوە، ئیستاش بۆ هەلسەنگاندنی هەل و مەرجی ئیستا و رەوتی رووداوەکانی داهاتوو، هەر پیویستە ئەو پیوانەیە بەکار بێنن. ئیستا کە حەرەکەتیکی بەرین بۆ بەرپا کردنی ریکخراوە کریکارییەکان لە ئارا دایە، یارمەتی گەیاندن بەم رەوتە و بەشداری هەلسووراوانە لەو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەدا و نیشاندانی ئاسۆی سوسیالیستی بە کۆمەلگا دایە کە دەتوانێ ئەم قەیرانە بە قازانجی بزووتنەوەی کریکاری بشکینێتەوە و پیشرەوی شورش زەمانەت بکات. ئالترناتیوی کریکاری و سوسیالیستی، لە دلی ئەم خەبات و کیشمەکیشە چینایەتیانەدا شکل دەگریت، بێ پیشرەوی کردن لەم بوارانەدا دیاری کردنی سال و رۆژ بۆ شۆرش کاریکی سایە لەوحانەیە.

سەلاحی مازوجی
گۆڤاری "جهان امروز"

# هونەر و ئەدەبیات



و:سەعید ئەمانی

## گابریل گارسیا مارکز
## لەپێناو خەون و روئیادا...

کات ژمیر نوێ بەیانی بوو کە بەبێ هیچ پیشەکیەك، شەپۆلیکی بەهیز کە دەر نەکەوت لە کویوە هات، بە سەرماندا رووخا. ئاسمان ساو بوو هەوا و بان هیدی، و ئیمە سەرگەرمی خواردنی نان و چای بەیانی لەسەر بالکۆنی هوتیل "ریویرا"ی "هاوانا". شەپولی ئەو ماشینانەی لە حالی هات و چۆ لەسەر شەقامی کەناری دەریادا بوون، لەگەل ئەو ماشینانەی لیرەو لەوێ لە نزیك هوتیلەکەی ئیمەدا، راست وەك ئەوەی دینامیتیکی بەهیز تەقیبیتەوە، ترس و وەحشەت سەرتاپێی میوانانی هوتیلە بیست نهۆمەکەی ئیمەی داگرت. شوشەی تەبەقەی یەکەمی هوتیلەکە بەگشتی ورد و خاش بوون. میوانەکان و میز و سەندەلی بە یەکەوە بەملاو ئەولادا فرێ دران. بگرە بەشیك لە میوانەکان بەهۆی ویکەوتنی لەتە شوشەوە بریندار بوون.

لەگەل ئەوەدا کە لە مەودای نیوان هوتیلەکەی ئیمە و دەریادا، شەقامیکی بەرینی دوو لایەنە لیدرابوو لەگەل ئەوەش دا بۆ بەرگری لە سەرکەوتنی شەپۆلەکان دیواریکیان بە بەردەم هوتیلەکەدا دروست کردبوو، بەلام ئەم شەپۆلە ئەبێ زۆر لەو شەپۆلانە بەهیزتر بووبێ کە لە ئاکامی هەلکشان و داکشانیکی ئاسایی ئاوی دەریا پیك دیت، دەنا نهۆمی یەکەمی هوتیلە کە بەم چەشنە ویران نەدەبوو.

لە ئاکامدا دوای شەش کات ژمیر هەول و تەقەلا، داوتەلەبانی کوبایی بە یارمەتی مەئمورانی ئاور کوژینەوەی گەرەك توانییان هەل و مەرجەکە بگیرنەوە دۆخی ئاسایی. دوابەدوای داخستنی دەرگای سەرەکی روو بە دەریای هوتیل و کردنەوەی دەرگایەکی تر، سەر لەنوێ هەل و مەرجی هوتیلەکە هێور بوەوە و هەموو شتیك گەرایەوە سەر دۆخی جارانی. لەماوەی ئەم روداوەدا و دوایەش تا ئیوارەی ئەو رۆژە، کەسیك زۆر سەرنجی نەدایە ئەو سەیارەیەی کوترابوو بە دیواری هوتیلەدا. زۆرکەس پێیوابوو ئەویش هەر لەو ماشینانەیە کە لە دەور و بەری هوتیلە راگیرابوون. بەلام کاتێ جەرپوسەقیلیان هینا بۆ لابردنی لاشەی ماشینەکە تازە زانییان کە پەیکەری ژنیکی بێگیانی تیدایە کە ئیستاش پشتێتەی ئەمنی سەندەلی شوفیری نەکراوەتەوە. وەها بە توندی بە دیواری هوتیلەکەدا درابوو سەرپاکی ئیسکی بەدەنی ورد و خاش ببوو، دەم و چاوی بە چەشنیك شیوابوو نەدەناسرایەوە، بگرە لیباسەکانیشی بەم رووداوە شیتال شیتال ببوون. لەگەل گشت ئەمانەدا هیشتا کلکەوانەیەك لە قامکی دەستی راستی دا بە ساغی مابوەوە، ئەنگوستیلەیەك لە چەشنی ماریك کە دوو زومورد وەك چاوەکانی تییدا بەکار برابوو.

بەپیی راپۆرتی پۆلیس، ئەم ژنە وەك خزمەتکاری بالوێزی تازەی "پرتغال" و هاوسەرەکەی ناسیندرا. لە راستی دا پیش خزمەت و بالویز و هاوسەرەکەی پازدە رۆژ بەر لەم رووداوە هاتبوونە ئەم هوتیلە، و هەر بەیانی ئەم رۆژەش بە سەیارە تازەکەی بالویز بۆ کرینی شت و مەك لە هوتیل چوبوە دەرەوە. کاتێ دریژەی رووداوەکەم لە رۆژنامەدا خویندەوە سەرنجم نەدایە ناوی ئەم ژنە.

تەنیا ئەم ئالقەیە بوو کلکەوانەیەك لە چەشنی مار بە دوو زومورد لە چاویدا کە سەرنجی منی راکیشا. بەداخەوە نەمتوانی بزانم ئەم ئالقەیە لە کام قامکی دا بوە. ئەمە شتیکی گرینگ بوو. دەترسام نەکا ئەمە هەر ئەو ژنە بیت کە من زەمانیك دەمناسی و قەتیش لەبیری ناکەم، ئەگەرچی قەت ناوی راستەقینەشیم بۆ دەرنەکەوت ئەویش وەك ئەمەیان، ئەنگوستیلەیەکی لەدەست دەکرد لە چەشنی ماریك بە دوو زومورد لە چاودا. بەلام ئەم ئالقەیەکی بە پیچەوانەی شیوەی باو و ئاسایی ئەو سەردەم، دەکردە قامکە گەورەی دەستی راستیەوە.

من چل و شەش سال بەر لە ئیستا ئەمم لە قاوەخانەیەك کە شوینی کۆبوونەوەی خویندکارانی زانکۆی ئامریکای لاتین لە "وین"دا بوو بینی. بەیانی ئەو رۆژە تازە لە "رۆم"ەوە گەیشتبوومە ئەوێ و خەریکی خواردنی سوسیس و پەتاتەی کۆلاو و ئاوجۆی بەرمیل بووم، لەو قاوەخانەیەدا بوو کە ئەو ژنە سەرنجی راکیشام. لە راستی دا ئەوەی سەرنجی راکیشام شان و مل و سینەی پان پۆری- سینگ و بەرۆکێك لە شیوەی سینگی گۆرانی بیژانی ئوپیرا، کەولە ریوییەك لە دەوری یەخەی ئالابوو گۆشەیەکی شۆر ببوەوە و لە ئاکامدا ئەنگوستیلەیەکی میسری کە لە چەشنی مار دروست کرابوو بە دوو چاوی زوموردییەوە. بە زاراوەی خەلکی ئاسایی و لەگەل ئەوەش دا لەهجەداری زمانی ئیسپانیایی قسەی دەکرد. سەرەتا پیم وابوو دەبی ئوتریشی بێ، یەکەم ئوتریشی حازر لەو قاوەخانەیەدا. بەلام لە هەلەدا بووم. لە "کولومبیا" لە دایك ببوو، وە لە مەودای نیوان دوو شەردا بەرەو ئوتریش کۆچی کردبوو هەر لەوێش وانەی مۆسیقا و ئاوازی خویندبوو. کاتێ لە نزیکەوە بینیم بۆوە دەبوو نزیك بە سی سال تەمەنی بێ. هەرچەند لە یەکەم نیگادا بە تەمەن تر دەهاتە بەر زەین. لەگەل ئەمەدا ئەم ژنە یەکیك لەو مرۆڤە سەر سوور هینەرانە و سەرنج راکیشترین کەسیك بوو لەو رۆژگارەدا کە بە دریژایی تەمەنم دیبووم.

لەو سەردەمەدا "ویەن" جیا لە پایتەختیکی دوور کەوتووی قەدیمی شتیکی تر نەبوو، ئەویش بەپیی جەبری هەل و مەرجیکی میژوویی کرابوە پیتەختیکی دەستی دووەم. شاریك کە لە نیوان دوو دنیای لە ئاشتی نەهاتووی رۆژهەلات و رۆژئاوادا هەلکەوتوە، ئەم دوو دنیایەش لە ئاکامەکانی شەری دووهەمی جیهانی بوون، تەنیا دەیتوانی شوینیکی گونجاو بێ بۆ بازرگانی لە بازاری رەشدا و جیگایەکی ئیدەئال بۆ سیخورانی نیونەتەوەیی. پیم وا نیە شوینیکی گونجاوتر لەم قاوەخانە خویندکاریە بۆ هاوولاتیە تەریوەکەی من لەم شارەدا دەست بکەوێ کە هەم بتوانی نانی تێر بخۆی و هەم پۆلووی بیرەوەریەکانی تر بگەشینیەوە، یەقینەن لەبەر دەست کورتی نەبوو رووی کردبوە ئەم قاوەخانەیە چۆن ئەوەندە دەست رۆیشتو بوو کە دەیتوانی قاوەخانەکە بەگشتی بکرێ چ بگا بە خۆراکە هەرزان بایيەکەی. قەت ناوی راستەقینەی خۆی لای ئیمە ئاشکرا نەکرد. هەرکاتێ ویستبامان ئاماژەیەکی پێ بکەین لە قسەکانماندا ئەومان بە ناویکی خوازراو ناو دەبرد کە بە زمانی ئالمانی هیندیك وتنی دژوار بوو ئەم ناوەش خویندارانی ئامریکای لاتین لە "ویەن" دەرسیان دەخویند بۆیان دروست کردبوو، خانمی فریدا.

هەر کە پیك ناسیندراین ناخافل تووشی بێئیحتیاتیەك بووم لیم پرسی: چۆن ریگای کەوتۆتە ئەم ناوچەیە لە دنیا کە چەندین فرسەخ لەگەل بەرزاییە باگرەکانی ناوچەی "کوئین دیو" لە کولومبیا مەودای هەیە.

ولامیکی کە پیی دامەوە ئەمە بوو:

"من لە خزمەت خەونەکانم دام!"

لە راستی دا دروستی وتبوو حەقیقەتەن ئەمە پیشەی بوو.

خانمی فریدا سیهەمین مندال لە یازدە مندالی کاسبکاریکی سەرکەوتووی دەولەمەندی ناوچەی "کالداس" بوو هەر لە مندالیەوە لەو کاتەوە کە توانی قسە بکات دەستی کرد بە گیرانەوەی خەون و روئیاکانی، ئەویش سەر لە بەیانی و لەکاتی ناشتادا.

سەردەمیکی کە بە وتەی خۆی هەست و حسی شەشەمی و هیزە هوشدار دەرە دەروونیەکانی لەوپەری خۆیاندا بوون، لە تەمنی حەوت سالی لە خەونیدا یەکیك لە براکانی لە ئاودا خنکابوو. کاتێ ئەم کابووسەی گیراوە، دایکە خورافاتیەکەی کورەکەی نەهیشت بچێ بۆ مەلە کردن، شتیکی کە کورە لە ژیانیدا بە توندی هۆگر و ئەویندارى بوو. بەلام تەعبیری خانمی فریدا لە خەونەکانی هەر لەو سەردەمەوە شکل و شیوەی تایبەت بە خۆیان هەبوو:

"تەعبیری ئەم خەونە ئەمە نیە کە براکەم دەخنکێ. ئەمەیە کە دەبی لەمەوبەدوا شیرینی نەخوا!" تەعبیریکی لەم چەشنە سزایەکی گەورە بوو بۆ مندالیکی پینج سال تەمەن. مندالیك کە ژیان بەبێ خواردنی شیرینی بۆ ئەو هیچ مانایەکی نەبوو.

بەلام دایك کە باوەری بە هیزی عەیبگوی کچەکەی هینابوو، لە هەلویستەکەی پاشگەز نەبوەوە و هەروا سوور بوو لەسەر بریارەکەی. بەداخەوە بەهۆی چاوپۆشیەکی کورت ماوە، لەتیك شیرینی کە کورەکە لە گۆشەیەك و بەدزی ئەغیارەوە خەریکی خواردنی بوو یان بلیین خەریکی قوتدانی بوو، دەپەریتە گەرووی و تابێن و فریای کەون دەخنکێ.

خانمی فریدا قەتی بیر لەوە نەکردبوەوە کە دەکری بۆ بەرێچوون، کەلك لەو هیز و توانایيە وەربگرێ. تا ئەو کاتەی لە زستانیکی ساردا لە "ویەن" گوشار و دژواری ژیان پالی پیوە نا بۆ بەردەم یەکەمین درگایەك کە لە بەردەمیدا بوو. قامکی بە زەنگی دەرگاکەوە نا و داوای کرد لەسەر کار دایمەزرینن و سەرپەنایەکی بدەنێ. کاتێ ژنی مالەکە لیی یرسیبوو چ کاریکی لەدەست دێ، زۆر بە ساکاری وتبوی:"من خەون دەبینم و خەون لیك دەدەمەوە". دوابەدوای کەمیك وت وویژ وەریان گرتبوو بە حەقدەستیکی نزیك بە پول گیرفانیەك، ژووریکی ئابرومەندانە و سێ ژەمە خۆراك لە شەو و رۆژیك دا.

هەلبەت دیسان نابێ رێ ورەسمی بەر لە خواردنی نانی بەیانی لەبیر بچیتەوە، کاتیکی کە گشت ئەندامانی بنەمالە لە دەوری یەك و لەسەر میزیك کۆدەبنەوە تا سەبارەت بە تەقدیر و چارەنووسی بنەمالە لە رۆژیکی کە لە پیشیاندایە، قسەکانی خانمی فریدا ببیستن و ریگا چارەشیان پێ بلی.

باوکی بنەمالە ئیجارەداریکی کۆنەکار و دایکەش ژنیکی شاد و پرشوور و شەوق و لەگەل ئەوەشدا هۆگری مۆسیقای کلاسیکی ئیتالیا، دوو مندال، یەکیان یازدە سالە و ئەوتریشیان نۆ سالە. گشت ئەندامانی ئەم بنەمالەیە، کەسانیکی مەزهەبی بوون، و بە چەشنیکی دەمارگرژانە، خورافاتی و کۆنەپەرست. چوونی خانمی فریدا بۆ نیو ئەم بنەمالەیە، وەك لوتف و پاداشیك چاو لێ دەکرا و پیی لەسەر چاوان بوو، هەلبەت بەو شەرتەی هەموو رۆژێ تەقدیر و چارۆنووسیانی نزیك بە خەونیکی کە شەوی پیشوو دیبوویان، لەزار ببیستن.

کاری خانمی فریدا لەو دەمەوە بە تایبەتی لە سالەکانی دواتردا کە هاوکات بوو لەگەل سالەکانی شەری دووهەمی جیهانی دا، راستەقینەیەکی شوومتر لە کابووس، گەشەی کرد. هەموو رۆژێ لەسەر سفرەی نانی بەیانی، ئەو بە تەنیایی روونی دەکردەوە کە هەریەك لە ئەندامانی بنەمالە پیویستە لە مەودای رۆژدا چ کارگەلیك بەریوە بەرن. بگرە شیوەی بەریوە بردنی کارەکانیشی بۆ دیاری دەکردن. کار گەیشتە جیگایەك کە پیشگوییەکانی خانمی فریدا، بوو بە یەگانە هیزی دەسەلاتداری بنەمالە. بە چەشنیك بەسەر بنەمالەدا زال بوو کە بەبێ ئیزنی ئەو هەناسەیان نەدەکیشا و کەس بەبێ دەستووری ئەو ئاوی نەدەخواردەوە. باوکی بنەمالە بەر لە چوونی من بۆ "ویەن" فەوتی کردبوو. هەلبەت بە لوتفی خۆی بەشە مالیکی باشی بۆ خانمی فریدا بەجێ هیشتبوو، بەلام بەو مەرجەی دوای ئەویش تەقدیر و چارەنووسی رۆژانەی بنەمالە بۆ تەك تەکی ئەندامانی بنەمالەکەی دیاری بکات، تا ئەو کاتەی لە توانایدا بیت.

نزیك بە مانگیك لە "ویەن" مامەوە. ژیانم، ژیانیکی فەقیرانەی خویندکاری بوو. چاوەرێی برە پوولیك بووم ئەویش قەت نەگەیشت! لەو سەردەمەدا لەگەل دەست تەنگی دا دەستە و یەخە بووم، هاتنی چاوەروان نەکراوی خانمی فریدا و سەردان و دەست و دلبازیەکەی، شکۆمەندییەکی تایبەتی بوو بۆمان. شەویك لە قاوەخانەکە، لە حالیکدا کە بۆنی خۆشی ئاوجۆ فەزای ژوورەکەی ئاخنی بوو، هاتە بن گویم و وتی:"ئەمشەو تەنیا بۆ ئەوە هاتووم پیت بلیم خەونم پیوە دیوی. پیویستە هەر ئەمشەو "ویەن" بەجێ بیلی و لانی کەم تا پینج سالی تر نەگەریتەوە بۆ ئیرە. راشکاویەکی وەها لە شیوەی وتنەکەی دا بوو کە ترس سەرتاپیی لەشی داگرتم و جیا لە قەبوول کردنی تەوسیەکەی چارەیەکی ترم نەبوو. هەر ئەوە بوو واداری کردم خۆم بگەیەنمە کوپەی قەتاریك کە بەرەو "رۆم" دەرۆیشت. تا ئیستاش پیم وایە لە رووبەروو بوون لەگەل رووداویکی مەترسیداردا رزگاری کردوم و پیم بە "ویەن"دا نەچوەتەوە.

بەر لەم روداوەش لە "هاوانا"

جاریکی تریش لەگەل خانمی فریدادا رووبەروو بووم، رووبەروو بوونیکی چاوەروان نەکراو لە "بارسلونا" کە زۆر گوماناویم هاتە بەر زەین: لە ریگای سەفەریکی دەریایی بۆ "والپاریزۆ" لە "شیل" و لە مانەوەیەکی کورت لە "بارسلونا"دا بوو کە پیی "پابلونرۆدا" بۆ یەکەم جار دوای شەری نیوخۆیی، دەگەیشتە "ئیسپانیا". "نرۆدا" ئەو رۆژەی لەگەل ئیمەدا بردە سەر. بەیانی ئەو رۆژە پیکەوە چەندین عەتیقە فرۆشی چووین کە کتیبی کۆنە دەفرۆشن. لە ئاکامدا کتیبیکی کالەوە بووی بەرگ دراوی بە نرخیکی گران کری کە دەیکردە حقوقی دوو مانگی کونسولی "شیلی" لە رانگون. وەك ورچیکی ماندوو بەریدا دەرۆیی. بەلام لەو حالەشدا وەك منداليك دەيويست لە چلۆنایەتی کاروباری گشت ئەو شتانەی دەمانبینی و لەسەر ریماندا بوون سەر دەربینی.

دنیا بۆ ئەو، وەك کەرەسەیەکی یاری قورمیشی گەورە بوو!...

سەبارەت بە خۆراك خواردنیش هەر بە ئیشتیا و چیژەوە دەچوە سەر سفرە.

ژنەکەی لە پیشبەندیکی لە چەشنی پیشبەندی سەلمانیەکانیەوە دەپیچا و دەچوە سەر سفرە و لە راستی دا ئەمە شایەد تەنیا چارەی کار بێ بۆ ئەوەی شاعیر خۆی غەرقی سۆس و ئاوەکی سەر سفرە نەکا. ئەو رۆژە "نرۆدا" سێ قرژالی ساغی لە راستی دا قوت دا. ئیسکی یەك بە یەکیانی بە جوانی و وەك جەراحیك، جیا کردەوە و مژینی و بەردەوام چاویشیی بە دەوری ئەوانیتری سەر سفرەکەدا دەگیرا و لە ئاکامدا خۆی بۆ رانەگیرا و بە بیانووی لی چیژانی باقی خۆراکیەکانی تر دەستی کرد بە نقورچك لی گرتنیان و بوو بە شەریکی ئەوانی تر، ئەم ئاکارەی سەرایەتی کردە سەر ئەوانی تریش. بە چەشنی فەرانسەویەکان بێپسانەوە تاریفی ئەو خوراکیانەی دەکرد کە حەزی لییانە. لە پریکدا ویستا، بێدەنگ بوو، گویی هەلخست و سەبر هاتە بن گویم و پیی وتم:"لە پشتەوە، کەسیك سەرنجی لای منە و تیم دەروانی".

وەرگەرام و چاوم لیکرد. راستی دەکرد، لە پشتەوە، سێ میز واوەتر، ژنیك بە کلاویکی کولکن و قەدیمی کە دەسرەیەکی بەنەوشی لە گەردن هالاندبوو، لەسەر خۆ و بەبێ دلەراوکێ خەریکی نان خواردنە و سەرنجیشی داوەتە "نرۆدا". یەکجێ ناسیمەوە و هەرچەند هیندیك پیرتر و قەلەوتر ببوو، بەلام راست خۆی بوو، کلکەوانەیەکی لە چەشنی مار لە قامك دا بوو. لە "ناپل"وە تا ئیرە لەگەل "نرۆدا" و ژنەکەی لە کەشتیەك دا بوون بەلام یەکتریان نەدیبوو. داوامان لیکرد بیتە لای ئیمە دانیشێ تا بە یەکەوە قاوە بخۆینەوە من لەبەر ئەوەی "نرۆدا" بێتاقەت نەبێ، داوام لیکرد سەبارەت بە خەون و رۆئیاکانی بۆمان بدوێ. فەوری شاعیر وتی ئەسلەن باوەری بە قسەی غەیبگو و خەون و رۆئیا نیە. و دریژەی بە قسەکانی دا و وتی"تەنیا شیعرە کە لەگەل بەسیرەت و ئاگایی دا سەرو کاری هەیە".

لە پاش نەهار، دوای کەمیك پیاسە کردن بە یەکەوە وتی کە سەروەتەکەی لە ئوتریش فرۆشتوە و ئیستا لە "پورتو"ی "پرتغال" گیرساوەتەوە، لە مالیکی وەك قەسر و لەسەر بەرزاییەك، کە لەویوە دەتوانی سەرتاپای ئوقیانووسی ئەتلەس تا کەنارەکانی ئامریکا بخاتە ژیر نەزەرەوە. بۆ خۆی پیی لی نەنا بەلام زانیم بە هەر شیوەیەك بێ توانیویە دەست بەسەر بەشە مالەکەی ئوتریش دا بگرێ. من لەسەر ئەو بروایە بووم خەون و روئیاکانی وەسیلەیەك بوون بۆ بەدەست هینانی مەبەستیکی تایبەت. راشکاوانە بۆچوونی خۆم بۆ باس کرد. بە پیکەنینەوە و بە چەشنیکی گالتەئامیز وتی: "تۆ ئیستاش هەر ئەو مرۆڤە بێشەرمەی پیشووی!"

باقی ئەندامانی گروپ چاوەریی "نرۆدا" بوون کە بە لەهجە و زاراوەی "شیلیایی" خەریکی قسە کردن لەگەل ئەو توتیانە بوو کە لە بازاری پەلەوەر فرۆشەکان لە قەفەس دا بوون. کاتێ دەستمان کردەوە بە قسە، خانمی "فریدا" باسەکەی گۆری:

"ئا! راستی، هەرکات ویستت دەتوانی بچیتەوە بۆ "ویەن"".

من تازە بیرم کەوتەوە سیزدە سالی بەسەردا تیپەریوە وتم:

"هەرچەند خەونەکانت راست نین، بەلام ئەگەر لەبەر قایم کاریش بێ ناگەریمەوە بۆ وێ".

کات ژمیر سیی دوانیوەرۆ بەرەولای مالەکەی من وەرێ کەوتین تا "نرۆدا" دوانیوەرۆ خەوەکەی دوانەکەوێ. تەشریفاتیکی تایبەت و شاهانەی هەبوو: هیندیك لە پەنجەرەکان کراوە بن و ژمارەیەکیان داخراو، پلەی هەوای ژوورەکە رادەیەکی دیاری کراوی هەبێ، رووناکی تەنیا لە لایەکە و بەلایەوە پەسندە و بێدەنگیەکی تەواو بالی بەسەر ژوورەکەدا کیشابێ. سەری کردە سەر بالش خەو بردیەوە. دوای دە خولەك وەك منالیك بەر لەوەی چاوەریی لە خەو هەستانی بێ، خەبەری بۆوە. هاتە ژووری نشیمەن. شوینی گنجی بالشەکە بە رۆمەتیەوە دیار بوو شاد و سەرحال لەگەلمان دانیشت.

"خەونم بەو ژنەوە دی کە خەون دەبینێ"

"مایتلد" داوای لی کرد خەونەکەی بگیریتەوە.

من وتم:

قسەکانت لە قسەی "بورخس" دەچوو

شاعیر، بە بیوازیەوە چاوی لیکردم و پرسی:

"نووسیویەتی؟"

وتم:

ئەگەر تا ئیستاش نەینووسیبێ، دلنیام رۆژیك، شتیکی لەم چەشنە دەنووسێ. ئەمە یەکیك لەو شتە ئالۆزانەیە کە "بورخس" ئینسانی تیر تووشی سەر لی شیوان دەکا کات ژمیر شەشی دانیوەرۆ بۆ رەوانە کردنی "نرۆدا" و ژنەکەی چوینەوە بۆ نیو کەشتیەکە. شاعیر لە گەلکو پیی گەیشتە سەر عەرشەی کەشتیەکە، مالئاوایی لیکردین، میزیکی چولی لە گۆشەیەکەوە دۆزیەوە و دانیشت دەستی کرد بە شیعر نووسین. هەر بەو خودنویسەی جەوهەریکی سەوزی تیدا بوو وە وینەی گوڵ، ماسی و بالندەی لە گۆشەی کتیبە پیشکەش کراوەکانی بۆ دۆستانی دەکیشاوە. دوای وەرێ کەوتنی کەشتی و دەنگ و زەنای بەرێ کەران، بەدوای خانمی فریدادا گەراین. دوای گەرانیکی زۆر لە چەشنیك کە ئیتر پیم وا نەبوو بیدۆزینەوە، لە بەشی توریستی کەشتیەکەدا دۆزیمانەوە. ویدەچوو تازە لە خەوی دوانیوەرۆی هەستابێ.

"خەریك بووم خەونم بە شاعیرەکەی ئیوەوە دەدی".

بەسەر سوور مانەوە داوام لیکرد خەونەکەیم بۆ بگیریتەوە.

"لە خەونم دا بینیم شاعیرەکەی ئیوە خەون بە منەوە دەبینێ."

ترسیك کە سەرتاسەری داگرتبووم، بەواتای رەدی قسەکەی لیکدایەوە.

"چاوەروانی چیت؟ هیندیك جار لەنیوان گشت خەونەکاندا، رەنگە خەونیکیش هەلکەوێ کە هیچ پەیوەندیەکی بە راستەوە نەبێ!"

لەو رۆژەوە ئیتر نە خانمی فریدام دیتەوە و نە کەوتمە بیریەوە. تا ئەوکاتەی هەوالی دۆزینەوەی ژنیکیان بە ئەنگوستیلەیەکی لەچەشنی مار لە قامکدا، لە ئاکامی رووداوە دەریاییەکەی نزیك هوتیل "ریویرا" بە کوژراوی راگەیاند، چەند مانگ دوای ئەم رووداوە لە میوانیەکدا کە بۆ دیپلوماتەکان ریکخرابوو، سەفیری "پرتغال"م بینی. خۆم بۆ نەگیرا و لیم پرسی: "دەکرێ کەمیك سەبارەت بەو ژنە و رووداوی گیان لەدەست دانی بدویی؟"

بالویز بە لەحنیکی کەسەر بار و ریزیکی زۆرەوە سەبارەت بەو خانمە وتی:

"باوەر ناکەن کە چەند ژنیکی نائاسایی بوو. هیچ شکم لەوەدا نیە کە تۆ داستانیك لەم بارەوە دەنووسی."

بە وردی دەستی کرد بە قسە کردن سەبارەت بە ژیان، یەك یەکی لایەنەکانی کەسایەتی و لەسەری دەدوا. بەلام قسەکانی بالویز هیچ زانیاریەکی بەدەستەوە نەدەدا.

لە ئاکامدا قسەکانیم پێبری وتم:

"ئاخریەکەی نەتان وت چ کارە بوو؟"

دلتەنگ لەوەی گەیشتبووە کۆتایی قسەکانی، تەنیا شانیکی هەلتەکاند و لە ولامدا وتی:

"هیچ. مرۆڤیکی خەیالاوی بوو، خەونی ئەدی."

*

# مانگرتن، مانگرتن مافی ئێمەیە، خەبات دەکەین، بشمرین کوڵ نادەین

مەراسیمی رۆژی جیهانی کریکار بە دانی شیعار و داواکاری یە دیاری کراوەکانی کریکارانی ئیران و بە بەشداری زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس لە شاری تاران بەریوە چوو.

کریکاران بە دانی شیعاری وەك: "مانگرتن، مانگرتن ماڤ ئیمەیە"، "خەبات دەکەین، بشمرین کول نادەین"، "دەولەت گەورەترین مەترسییە بۆسەر ئەمنیەتی گیانی کریکاران"، "قەراردادە کاتیەکان دەبێ هەلوەشیینەوە" و ... خوازیاری بەراورد کردنی هەموو داواکارییەکانیان بوون.

# راپورتێك سەبارەت بە هەل ومەرجی ژیانی منداڵانی کورد لە کوردستانی تورکیە

بە پیی لیکولینەوەی ریکخراوی داکوکی کردن لە مافە کانی مروڤ . خەلکی کورد لە کوردستانی تورکیە بە تایبەت مندالان لە هەل و مەرجیکی تال و دژی ئینسانی دا بە سەر دەبەن.

بە پیی ئەم لیکولینەوانە تەنیا لە دیاربەکر ٢٨ هەزار مندال کە بژیوی بنەمالەکانیان داین دەکەن خەریکی فروشتنی چەسپی زەخم و دەسمال کاغەزین و هەر وەها نزیکەی ١٢٠٠ کەس لەو مندالانە مەوادی موخەدر مەسرەف دەکەن . ٨٠٠٠ لەو مندالانەش هەم خەریکی دەرس خویندنن و هەم کار دەکەن . لە نیوەی سالی ٢٠٠٣ دا بە هوی توند و تیژی کومەلگا ١٩ مندال دەستیان داوەتە خوکوژی و هەر لەو سالەدا ٧ مندالی کورد بە هوی تەقینەوەی مینی چیندراو بە دەستی سوپای تورکیە ، گیانیان لە دەس داوە.

*

# هەل و مەرجی ژیانی پەنابەرانی سیاسی کوردی ئێرانی و کەمتەرخەمی U N C H R

پەنابەرانی سیاسی کوردی ئیرانی لە عیراق لە بەياننامەیەکدا، ویرای دەربرینی نارەزایەتی، رەخنە لە ریکخراوی کومەلەی نەتەوە یەکگرتووەکان بو کار و باری پەنابەران دەگرن.

لەم بەیان نامەیەدا هاتووە: ئەم ریکخراوەیە کارەکانمان جی بە جی ناکات و گیر گرفتە کانمان چارە سەر ناکات و تەنانەت ئەوانەش کە قەبول کراون ناگویزرینەوە بو ئەو ولاتانەی کە بویان دەس نیشان کراوە.

شایانی باسە ژمارەی ئەو پەنابەرانەی کە لە کوردستانی عیراق دەژین ٢٠٠٠ کەس و ژمارەیەکیان سالانیکی زورە کە لە کوردستانی عیراق دا دەژین.

بە پیی ئامارەکان تا سالی ٢٠٠١ زایینی ٣٤ کەس لە پەنابەرانی سیاسی کوردی ئیرانی بە دەستی بەکریگیراوانی رژیمی ئیسلامی تیرور کراون و هەر وەها ٢ کەسیش رفیندراوەن کە دواتر لە زیندانەکانی کوماری ئیسلامی لە سیدارە دراون، هەر وەها ٨ کەسی تریش رفیندراون کە تا ئیستا چارەنوسیان نادیارە ١٢ کەسی تریش کە لە ریگای قاچاخەوە ویستویانە خویان دەرباز بکەن گیراون و تەحویلی کوماری ئیسلامی دراون کە ئیستا لە زیندان دان. جیگای ئاماژەیە کە ژمارەیەکیشیان بە هوی نەخوشین و روداوی جۆراوجۆر گیانیان لەدەس داوە.

# سندوقی نیونەتەوەیی پوڵ: چاوەڕوانی ساڵێکی سەخت بۆ ئێران

بە پیی پیش بینی سندوقی نیو نەتەوەیی پول سالی ٢٠٠٤ زاینی بو ولاتانی بەرهەم هینەری نەوت کە نەوت بەرەو دەرەوەی ولات دەنیرن، لە روژ هەلاتی ناوەراست بە تایبەت ئیران، عەرەبستانی سعودی، ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی و کوەیت سالیکی سەختیان لە پیش دایە.

سندوقی نیو نەتەوەی پول نرخی گەشەی ئابوری روژهەلاتی ناوەراستی لە سالی ٢٠٠٤ زایینی ٤/١ دەرسەد پیش بینی کردوە ، ئەمە لە حالیك دایە کە سندوقی نیو نەتەوەیی پول نرخی گەشەی ئابوری ولاتانی بەرهەم هینەری نەوت لە روژهەلاتی ناوەراستی ٦/٣ دەرسەد لە سالی ٢٠٠٣ راگەیاندبوو کە ئیران ٥/٩ ، عەرەبستانی سعودی ٦/٤ ، ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی ٧ دەرسەد و کوەیت ٩/٩ دەرسەد گەشەیان هەبووە.

سندوقی نیونەتەوەیی پول ویرای ئاماژە بە چونە سەرەوەی بەرهەم هینانی نەوتی عیراق ، هاتنەخوارەوەی زوری بەرهەم هینانی نەوت لەم ٤ ولاتە لە سالی داهاتوی زایینی پیش بینی کردوە، هەروەها هەل و مەرجی فەلەستینیش بە یەکیکی تر لە هوکارەکانی هاتنەخوارەوەی گەشەی ئابوری ئەم ٤ ولاتە راگەیندراوە.

# تاوانێکی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامی و رژیمی ئیسلامی ئێران

بەپێی بەياننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران،٦ هەلسوراوی ریزەکانی هێزی پیشمەرگەی ئەو حیزبە کە لە ریکەوتی ١٣٥٧/٧/٢٨ لەلایەن چەکدارەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەسەر سنوری کوردستان دەستگیر کرابوون و تەحویلی رژیمی جمهوری ئیسلامی ئیران درابوون، دوای ماوەیەك پاش تەحویل دانەوەیان، لەلایەن جینایەتکارانی رژیمی ئیسلامیەوە ئیعدام کراون.

ئەم گیانبەخت کراوانە بریتی بوون لە:

ئەرشەد رەزایی، محەممەدعەزیز قادری، یونس محەممەد پور، عەدنان ئیسماعیلی، موزەفەر کازمی، مەعروف سوهرابی.

ئیمە ویرای دەربرینی سەرلەنوێ ئەوپەری بیزاری خۆمان لەم کردوە بیر لیکراوەی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان جینایەتی رژیمی ئیسلامی ئیران مەحکوم دەکەین.

شایانی باسە لە ٢ حەوتوی رابردوودا تاوانی هاوبەشی بزوتنەوەی ئیسلامی و رژیمی ئیسلامی لە لایەن ژمارەیك لە کۆر و کۆمەلەکانی ئیرانی و کوردستانی و نیونەتەوەیی بە توندی مەحکوم کراوە.

*

# سایتی پەیام لەسەر تۆری ئینتەرنێت

WWW. Payam. nu

پێشڕەو

دەورەی دووهەم ژمارە ١٨٨ نیوەی ئەوەڵی گوڵانی ١٣٨٣- مەی ٢٠٠٤

## کریکارانی دەستگیر کراوی شاری سەقز بۆ بازجویی زیاتر بران بۆ شاری سنە

هەروەك پیشتر ئاگادارمان کردن کۆبوونەوەی کریکاران و بنەماڵەکانیان بە بۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی رۆژی جیهانی کریکار لە شاری سەقز کەوتە بەر پەلاماری هیزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرگری لە بەریوە چوونی ئەو مەراسمە کرا. لە ئاکامی ئەو هیرش و پالامارەدا نزیکەی ٥٠ کەس لە کریکاران و بەشدارانی ریّ ورەسمی رۆژی جیهانی کریکار لەشاری سەقز دەستگیر و رەوانەی زیندان کران. شەوی شەممە و رۆژی یەکشەممە بە غەیری ٧ کەس بە ناوەکانی مەحمودی سالحی، جەلال حسینی، موحسینی حەکیمی، ئیسماعیلی خودکام، بورهان دیوانگرد، هادی و محەممەدی عەبدی کە رۆژی یەکشەممە دەستگیر دەکرین، باقی دەستگیر کراوەکان ئازاد کراون.

بەپیی دوایین هەواڵ ئەم ٧ کەسە بۆ لیکۆلینەوە و بازجویی زیاتر ئیوارەی رۆژی یەکشەممە ١٣ی گوڵان براون بۆ زیندانی شاری سنە.

## کریکارانی نانەواخاکانی شاری سنە دەنگی نارەزایەتی بەرز دەکەنەوە.

کریکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە بە ئیعترازی جەماوەری خۆیان بەرەو پیری رۆژی کریکارەوە چوون.

لەماوەی یەك مانگی رابردووەوە کریکارانی خەبازی شاری سنە بە نیشانەی ئیعتراز بەو سەعات کارەی کە ماوەی دوو ساڵە لەلایەن رژیمەوە بە سەریاندا سەپاوە توماریکیان نووسی و نزیك بە دوو هەزار کەس ئیمزایان کردووە و بریاریان دا کە لە رۆژی ١/٢/٨٣دا بە شیوەی یەك شیفتە یانی لە سەعاتی شەشی بەیانیەوە تاکو دووی نیوەرۆ یانی ماوەی هەشت سەعات برۆنە سەر کارەکەیان. پیویستە بوتریّ کە لە ماوەی دوو ساڵ لەمەو پیشەوە کاری ئەم کریکارانە بە شیوەی سیّ شیفتە بوە. یانی لە سەعاتی شەشی بەیانیەوە تاکوو نوی بەیانی کاریان ئەکرد وە لە پاش یەك و نیو سەعات پشودان دیسان لە سەعاتی یەك و نیوی دوانیوەرۆ کاریان ئەکرد و لە سەعاتی یەك ونیوەوە تاکو سەعاتی شەشی ئیوارە ئیسراحەتیان ئەکرد و دیسان لە سەعاتی شەشەوە تاکوو سەعاتی هەشتی شەو کاریان ئەکرد. ئەم کارە تاقەت پروکینەش لە حالیکدا بوو کە هیچ چەشنە ئیزافە کاریکیان پیّ نەدەدرا و هیچ نەوعە ئیمکاناتیك بۆ هات و چۆیان نەبووە و بەمجۆرە جگە لەو کارە بەشیکی زۆر لە حەقدەستەکەیان بۆ کریّ هات و چۆی بەین ماڵ و شوینی کار خەرج ئەبوو.

کریکاران لە رۆژی دیاری کراودا یانی ١/٢/٨٣ بریارەکەیان بەکردەوە دەرهینا و تا ئەو سەعات کارەی کە رایان گەیاندووە، یانی تا سەعاتی دوو کاریان کرد. ئەلبەت بریك لە نانەواییەکان کاریان ئەکرد کە ژمارەیان زۆر کەم بوو.

ئەوانەش خاوەن کارە ترسنوکەکان بوون کە خۆیان کاریان تیدا دەکردن. رەعایەت کردنی سەعات کاری نویّ کە لەلایەن کریکارانەوە راگەیەندراوە کە، تا ناردنی ئەم هەواڵە هەر بەردەوامە. کریکاران رایان گەیاندووە کە ئەگەر بە داخوازەکانمان کە زیاد کردنی حەقدەستەکانمان و کەم کردنەوەی سەعات کار تا رادەی هەشت سەعاتە سەرنجی پیّنەدریّ، لە رۆژی کریکاردا یانی یەکی مانگی مەی مانگرتنیکی جەماوەری وەریّ دەخەن و لە چوون بۆ سەر کار خۆ ئەپاریزن.

## رژیم دەستگیر کراوەکانی شاری بۆکان جەریمە دەکات

لە ٨٣ کەس لە گیراوەکانی رووداوی سەری ساڵ کە تا ئەم دواییانە لە زیندان دا مابوونەوە، تا ئیستا ٣٠ کەسیان بە زەمانەتی ٢ تا ٣ ملیون تمەنی جەریمە ئازاد کراون. کەسە ئازاد بوەکان دەبی هەموو هەفتەیەك سەردانی ئیتلاعات بکەن و لەژیر چاوەدیری دان. جەماوەری خەلکی بۆکان و باقی شارەکان پیویستە لە ریگای جۆراوجۆرەوە زەخت بخەنە سەر رژیمی ئیسلامی بۆ ئەوەی رۆلەکانیان ئازاد بکەن و ئەستاندنی جەریمەی نەقدیش مەحکووم و ریسوا کەن.

## کوشتاری خەلکی زەحمەتکیش بە بۆنەی تەقینەوەی مین بەردەوامە

**بانە:**

رۆژی یەك شەممە ٣٠ی گوڵان کاك قادر رەمەزانی لە نزیکی ئاوایی نیروان لە سەرسنووری ئیران و عیراق کەوتە سەرمین و بە توندی برینداربوو کە بە خیرایی گەیاندیانە بیمارستانی سەقز، بەلام بە داخەوە بەهۆی کاری بوونی برینەکەی رۆژی دووشەممەی هەر ئەو هەفتەیە گیانی لەدەست دا.

**سەردەشت:**

بەهۆی تەقینەوەی مینیك، کە لە سەردەمی شەری ئیران و عیراقەوە مابوو، لاویکی ٢٠ ساڵ تەمەن لاقی چەپی لەدەست دا.

ئەم کارەساتە کاتیك رووی دا کە ئەم لاوە و چەند لاویکی تر لە دەشتی "وەزنیّ" میراوای سەردەشت خەریکی کۆکردنەوەی کارگ بوون. دوای ئەم رووداوە ئەم لاوەیان گەیاندە بیمارستان. لە ماوەی یەك مانگی رابردوودا ئەوە سیهەمین جارە کە لە شارستانی سەردەشت دا تەقینەوە دەبیّ.

لەکاتی شەری ئیران و عیراق دا شارستانی سەردەشت یەکیك بوو لە بەرەکانی شەر. وە لەو کاتەوە تا ئیستا مینە چینراوەکانی ئەم ناوچەیە هەلنەگیراونەتەوە. رژیمی کۆماری ئیسلامی نە بۆ خۆی هیچ هەنگاویك بۆ هەلگرتنەوەی ئەم مینانە هەلدەگری و نە دیلی کە سازمانە نیونەتەوەییەکان سەبارەت بەو مەسەلەیە کاریك بکەن.

ئەم کەسانەی کە لە مەرزی ئیران و عیراق خەریکی کۆل بەرین و لەم ریگایەوە بژیویان دابین دەکەن گەلیك جار لەگەل وەها رواویك بەرەورو دەبن.

**سەقز:**

٢ لاوی سەقزی کە برا بوون بەهۆی تەقینەوەی مین لە ئاوایی "چومەلو"ی شارستانی سەقز لە رۆژی سیّشەممەدا بریندار بوون.

ئەم کەسانە خەریکی کیلانی باغچەکەی ناومالی خۆیان بوون کە بەهۆی تەقینەوەکەوە زۆر بە توندی لاقیان بریندار بوو.

**سەردەشت:**

بەهۆی بارینی باران و تەرزەیەکی زۆر لە رۆژی جومعە ریکەوتی ١١ی گوڵان لەشاری سەردەشت، بەشیکی زۆر لە شاری سەردەشت و هەروەها ئاواییەکانی دەوروبەری کەوتوونەتە بەر سیلاو. بەهۆی ئەم سیلاوە زۆربەی شوینەکانی هات وچۆی ناو شاری سەردەشت بە قور و لیتە داپۆشراون و خەسارەتیکی زۆریش بە باغ و مەزراکانی دەوروبەری شار گەیشتوە. شایانی باسە ئاوی "چۆمی کەلویّ" لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا بە بەرزترین ئاستی خۆی گەیشتوە و ئەگەری ئەوەش هەیە کە ناوچەکانی تری ئەم شارەش تووشی سیلاو بن.

## گرتنی ٤٠ کەس لە خویندکارانی کچ لە قەزوین

نیوەروی روژی یەك شەممە ریکەوتی ٦ ی گولان نزیکەی ٤٠ کەس لە خویندکارانی کچ لە قەزوین لە حالیك کە لە رستورانیك دا خەریکی خواردنی نەهار بوون لە لایەن هیزەکانی رژیمەوە دەس گیر کران .

هیزەکانی رژیم بو ئەم کارەیان هیچ بیانویەکیان نییە. بە بی هیچ هویەك هەلیان کوتاوەتە سەر ئەم رستورانە بە نیو بانگەی قەزوین کە زوربەی مشتەریەکانی خویندکارن و بی هیچ پیشەکی یەك داوایان لە خویندکارانی کچ کردووە کە سواری ئوتوبوسیك بن . بەم جورە لەو شوینە دوریان کردونەتەوە و دواتر زیندانیان کردوون.

## لاویکی موعتاد دوای تەزریقی مەوادی موخەدیر ، لە نیو بلیسەی ئاگر دا گیانی لە دەس دەدا

لەشاری تاران سەر لە ئیوارەی روژی سی شەممە لە رووداویك دا کە مەئمورانی ئیزگەی " ئاگر کوژانەوە " ی وەلی عەسر بە پی راپوتی خەلك لی ئاگادار دەبن ، ئاوریك لە یەکیك لە شەقامەکانی ئەم ناوچەیە دەکەویتەوە ، ئەوانیش لە شوینەکە ئامادە دەبن و دوای کوژاندنەوەی ئاگر دەزانن کە لاویکی تەمەن ٢٣ ساڵ کە لە ماوەیەکە لەوەو پیشەوە لە نیو کارتون دەخەوت لە ناو بلیسەکانی ئاگر دا سووتاوە .

مەئمورانی کەلانتەری " شارەکی وەلی عەسر " کە لە لایەن " ئیمداد گەرانی ئاگر کوژانەوە " لە مەرگی ئەو لاوە ئاگادار بوون چوونە شوینی رووداوەکە و دوای لیکولینەوە لەو شوینە زانیان کە ئەم لاوە پیش روداوەکە مەوادی موخەدیری تەزریق کردوە و بو گەرم کردنەوەی خوی ئاگری کردوەتەوە کە بە سەر ئاگرەکەدا کەوتووە و هەر لە وی گیانی لە دەس داوە.

## پەرستاران لە روژی جیهانی کریکار دا دەستیان دایە ریپیوان

پەرستارانی نەخوشخانەکانی خوسوسی کە قانونی کاریان تییدا بە رەسمی ناسیوە بەیانی روژی جومعە ١٠ ی گولان بە بونەی روژی جیهانی کریکارەوە دەستیان دایە ریپیوان.

ئەم ریپیوانەی پەرستاران ساعەت ٩ ی بەیانی لە بەرانبەر بیمارستانی " ئەمیر ئەعلەم " هەلکەوتوو لە شەقامی سەعدی بە رەو لای مەیدانی ئیستیقلال ( موخبر و الدولە ) و مەیدانی بەهارستان بەریوە چوو.

لە میانەی ئەم ریپیوانەدا یەکیك لە پەرستارانی هەلسوراو لە بەشی خوسوسی ئیشارەی بە گیر و گرفتەکانی پەرستاران کردووو وتی : کەمی حەق دەست و نەبوونی ئیمکاناتی ئاموزشی بو خویندکارانی بواری پەرستاری لە گرینگترین موشکلاتی پەرستارانن .

ئەم پەرستارە لە دریژەی قسەکانی دا ووتی: پەیوەندی پەرستاران لە گەل برین، عفونەت، سووتان و خوین و... لە چاو بوارەکانی تر گەلیك مەترسی زیاتریان بو دەخولقینن. هەر وەها ووتی: کاری پەرستاران لە پزشکان زور سەخت ترە چوون پزشکان کەمتر لەگەل ئەم جورە موشکلاتانەدا روبەروون ئەمە لە حالیك دایە کە پەرستاران لە ساڵ دا جیا لەو روژانەی کە کار ناکەن بەردەوام لە گەلیدا لە پەیوەندی دان.

ئەم پەرستارە هەر وەها ووتی : ئەگەر بمانهەوی لە بیری سلامەتی کومەلگایەکی سالم دا بین دەبی لە پیش دا لەبیری سلامەتی کادرە دەرمانییەکان بە تایبەت پەرستاران دا بین.

## دانشجویانی زانستگای مەشهەد دەست دەدەنە کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی

ژمارەیەك لە دانشجویانی زانستگای مەشهەد لەئاست کردەوەکانی هەیئەتی چاوەدیری زانستگاوە نارەزایەتی خۆیان دەربری. ئەم نارەزایەتیە بەهۆی هەلبژاردنەکانی ئەم داوییانەی زانستگاوە سەری هەلدا کە لە ئاکام دا ژمارەیەك لەو کەسانەی کە لە هەلبژاردنەکاندا رەد کرابوونەوە، لەبەر ساختومانی مەرکەزی زانستگای علومی پزشکی مەشهەد کۆبوونەوەیەکی ئیعترازییان وەری خست. بەپیی ئەم گوزارشە دوکتور محەممەد رەزا دارابی جیگری دانشجویی ئەم زانستگایە، هاتە نیو کۆبوونەوەکەی دانشجویان و سەبارەت بەم مەسەلەیە وتی کە: یەکیك لە هۆکارەکانی رەدی سەلاحییەتی ئەم دانشجویانە، مەسائیلی ئینزباتی بووە. ناوبراو هەروەها لە دریژەی قسەکانیدا ئەوەی روون کردەوە کە، ئەگەر دانشجویان لەم پەیوەندیەدا نارەزایەتیەکیان هەیە، دەبی لە ریگای کەتبیەوە هەنگاوی بۆ هەلبگرن و هەروەها ئەویشی راگەیاند کە، ئەو کەسانەی کە دەیانهەوی کەش و هەوای زانستگاکە بگۆرن، بەرخوردیان پیّ دەکریّ.

## ٤ کارخانەی چینی سازی داخران و ٢٠٠٠ کریکاری تر بە ریژەی بیکاران پەیوەست بوون.

لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا، ٤ کارخانەی چینی سازی ئیران داخران. داخرانی ئەم کارخانانە خۆیان بەشیکن لەو قەیرانە هەمە لایەنە کە ئابووری ئیرانی داگرتووە.

ئەم کارخانانە بریتین لە، "ماە نشانی ئیسفەهان" و "پارسی گیلان" و "هیسی زەنجان" و "نوری قەزوین". ئەم کارخانانە هەر کامەیان نزیکەی ٥٠٠ کریکاریان هەبوو کە بە داخرانی ئەوان ریژەیەکی ٢٠٠٠ کەسی لە کریکارانی ئیران بیکار کران.

## دەستگیر کرانی ٨ تازەلاو بەهۆی لیدانی گیتار، لە شوینی گشتی

٨ تازەلاو کە دووانیان کچ دەبن لە پارکی تالەقانی تاران دا بەهۆی لیدانی گیتارەوە دەستگیر دەکرین. تاوانی ئەم تازە لاوانە بە وتەی مەئمورانی رژیم سووکایەتی کردن بە بیروباوەری گشتی بووە! ئەم کەسانە پاش دەستگیر کرانیان دەنیردرین بۆ دادسەرایەك کە تایبەتە بە تازەلاوان. یەکیك لەم تازەلاوانە کە گیتاری لیداوە بە بازپرس تاهیری وتووە کە:

لەگەل دوو کەسی تر لە هاوریّیانم کە ئەوانیش گیتار ژەنن، لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە بۆ خۆشی برۆینە پارکی تالەقانی.

لە نیوەی ریدا دوو کەسی تر لە هاوریّیانمان لەگەلمان وەری کەوتن. ناوبراو لە دریژە قسەکانیدا وتی: لە کاتیك دا کە لە پارکی تالەقانی خەریکی گیتار لیدان بووین، ژمارەیەك لە دەورمان کۆبوونەوە. لە راستی دا ئیمە نەماندەزانی کە گیتار لیدان لە پارك دا قەدەغەیە. لەم حالەدا بووین کە لەلایەن مەئمورانەوە دەستگیر کراین.

یەکیکی تر لەو تازەلاوانە لەم پەیوەندیەدا وتی: من و دوو هاوریی ترم لەنیو پارکەکەدا بووین کە لە ناوکاو دەنگی گیتارمان بیست. ژمارەیەك لە دەوری ئەو سیّ کەسە کە گیتاریان لی دەدا کۆبوونەوە. ئیمەش راوەستاین و چاومان لی دەکردن کە دەستگیر کراین. بەپیی ئەم گوزارشە کە لەلایەن مەئمورانەوە دراوەتە دەریّ، تاوانی کچەکان چەپلە لیدان و شایی و هەلپەرکیّ بووە. یەکیك لەو کچانە سەبارەت بە چۆنیەتی دەستگیر کرانیان بە شۆعبەی دووهەمی دادسەرای "ئەتفال"ی وت کە: قەرار بوو کە لەگەل بنەمالەکانمان برۆین بۆ پارکی تالەقانی.

من و خوشکەکەی ترم پیشتر چووینە ئەویّ کە جیگایەك دیاری بکەن. پارکەکە قەرەبالغ بوو و ئیمەیش بە شوین جیگادا دەگەراین. بەلام خوشکەکەم کە تینووی بوو، بە مەبەستی خواردنەوەی ئاو رووی کردە بنەمالەیەك. دوای ئەوە کە ئاوەکەی خواردەوە، بنەمالەکە لیمانیان پرسی کە: تەنیان؟ کاتیك کە وتمان ئەریّ، ئەوانیش لە وەلامدا وتیان کە: ئیرە شوینیکی زۆر باش نیە. هەر لیرەدا بمیننەوە.

لە لای ئەو بنەمالەدا ماینەوە کە لە ناکاو گویی گیتار لیدانمان بیست. منیش کە هۆگری موسیقی و گیتار بووم، لەگەل خوشکەکەمدا نزیك بووینەوە کە گویی لی بگرین کە لەلایەن مەئمورانەوە دەستگیر کراین.

ئەم کچە تازەلاوە لە حالیکدا کە دەگریا، وتی: لەو هەلەیە کە کردومە پەشیمانم و داوای لیبوردنتان لی دەکەم. من لەو رۆژەوە ئیتر ناتوانم سەیری بنەمالە و دایك و باوکم بکەم.

ئەمە گۆشەیەك لەم رەنج و زەخت و گوشارانەیە کە لاوانی ئیران دەبی لەژیر دەسەلاتی رەشی کۆماری ئیسلامی دا تەحەمولی بکەن.

پیشرەو

# جەژنی یەکی مەی لە مەقەرەکانی کۆمەلە لە زرگویز

بە بۆنەی یەکی مەی رۆژی جیهانی کریکاران ری و رەسمیکی گەرم و گۆر لە مەقەرەکانی کۆمەلە لە ئاوایی زرگویز بەریوە چوو، لەو ریی و رەسمەدا زیاتر لە هەزار کەس لە خەلکی شاری سلیمانی و ئاواییەکانی دەوروبەری زرگویز بەشدار بوون و نوینەرانی زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسی و ریکخراوە جەماوەریەکانی کوردستانی عیراق پەیامی پیرۆزبایی یان پیشکەش بە ریی و رەسمەکە کرد.

سەرەتا کۆری سرودی کۆمەلە، سرودی ئەنترناسیونالی پیشکەش کرد و بۆ یادی گیانبەخت کردوانی ریگای ئازادی و رزگاری چینی کریکار دەقیقەیەك بێدەنگی راگیرا و ئەوجار هاوریٚ رەشید رەزاقی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە وتاریکی بەم بۆنەوە پیشکەش کرد، کە چەند بەشیك لەم وتارە لەم ژمارەی پیشرەودا هاتوە. ریٚ و رەسمەکە بە بەریوە چوونی بەرنامەی هونەری کە بریتی بوو لە چەند سرود و گورانی و شیعر خویندنەوە لەلایەن کوری سرود و هاوریٚیانی هونەرمەندەوە دریژەی پەیدا کرد و بە شایی و هەپەرکیٚ کۆتایی پیٚهات.

بە بۆنەی رۆژی یەکی ئەیار رۆژی جیهانی چینی کریکار ژمارەیەك پەیام و بروسکەی پیرۆزبایی گەیشتنە دەستەی بەریوەبەری مەراسیم کە ناوەکانیان بەمجۆرەیە:

بەریزان!

- کومیتەی ناوەندی یەکیتی کۆمۆنیستەکان لە عیراق
- حیزبی شیوعی کوردستان
- مەکتەبی سیاسی حیزبی رزگاری کوردستان
- پارتی دیموکراتی کوردستان_ ناوچەی قەرەداغ
- سەندیکای کریکارانی بیناسازی
- کۆمەلیك کریکاری کۆمۆنیست
- یەکیتی ئافرەتانی کوردستان
- کۆمەلەی ئافرەتانی کوردستان
- یەکیتی کۆمۆنیستەکانی عیراق لقی کەرکوك
- لیژنەکانی ناوچەی ١ و ٢ی سلیمانی و ریکخراوی گلەزەردەی پارتی دیموکراتی کوردستان
- رۆژنامەی ئالاٚی ئازادی
- لیژنەی کاتی کاری هاوبەش لە کەرکوك
- ناوەندی هاوبەشی ریکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانی کوردستان
- کۆری تیکۆشان لە پیناو چاك سازی حیزبی شیوعی کوردستان
- شوفیرانی هیلی رزگاری
- هەلسووراوانی تیپی شەهیدانی بۆتیٚ لەشاری سنە
- دۆستان و لایەنگرانی کۆمەلە لە ناوچەی ئەویهەنگ
- کارمەندانی بنکەی تەندروستی زرگویز
- ریکخراوی گەشە پیدانی مەدەنیەت
- لایەنگران و دۆستانی کۆمەلە لە شاری هەولیر

## پاشماوەی لاپەرەی ٨ ریٚ و رەسمی یەکی مەی لە زۆگویز

و تویژیکی نارازی هەول دەدەن موری خۆیان لە ئال و گۆرەکانی داهاتوو بدەن. ئەگەرچی رۆژنامەکان و راگەیەنەرە گشتیەکانی جیهانی، لە ئاستی خەباتی کریکارانی ئیران تا رادەیەکی زۆر بیٚدەنگەیان کردووە، بەلام لە راستی دا کۆمەلگای کریکاری ئیران لە ناوەوە دەکولی و چینی کریکاری ئیرانیش دەنگی نارەزایەتی و ئیعترازی لەدژی هەل و مەرجی دژواری ژیانی لە هەموو لایەکەوە بەرز کردوەتەوە. بەشیکی زۆر لە سەرمایەدارانی ئیران لە کارگە و کارخانەکانیان مەیلی بیٚسنووری قازانج پەرەستی ئەوان دانامرکینیتەوە و توانای رەقابەتیان لەگەل رەقیبە خارجیەکانی خۆیان نەماوە. ئەم ناوەندانەیان تەعتیل کردووە و بەشی زۆری سەرمایەکانیان خستوەتە ریگای موعامەلە و تیجارەتەوە. لە ماوەی چەند سالی رابردوودا هەرسال، سەدها کارگە و کارخانە تەعتیل بوون و کریکارەکانیان بیکار کراون، کریکارانی بیکار کراو نە تەنیا هیچ ئەمنیەتیکی کۆمەلایەتی بۆ دوا رۆژیان پیٚنادریٚ، بەلکوو تەنانەت حقوقی دواکەوتوی مانگەکانی پیش تەعتیل بوونیشیان بە بیانووی ئەوەی کە گۆیا کارخانە تووشی زەرەر بووە پیٚ نەدراوە. ئەو کارخانانە کە بە بەشی خسووسی فروشراون و تەعتیل نەبوون ئەوانەش بەشیك لە کریکارانیان لەسەر کار دەر کردون و بەهەمان چارەنوسیان بردوون...

...ئەوەی کە ئاشکرایە لە بەرامبەر ئەم هەل و مەرجە دژوارەدا کە ئیشارەی پیٚکرا کریکاران بیٚدەنگ دانەنیشتوون و خەباتی ئیعترازی لە شکلی جۆراوجۆری دا، لە هەموو ئیران لە جەریان دایە...

کۆمەلگای ئیران تینوی ئال و گۆرە، و شك لەوەدا نیە کە هەل و مەرجی ئیستا، قابیلی دەوام نیە بەلام لە بیرمان نەچیتەوە کە کاتیك ئەو ئال و گۆرە بە قازانجی چینی کریکار و خەلکی زولم لیکراو و زەحمەتکیش ئەرواتە پیش کە خۆی تییدا دەور و نەقشی واقعی بنوینیت. لە دوورەوە راوەستان بۆ ئەوەی با بە ئاسانی کەسیکی دیکە موشکلەکەمان بۆ حەل بکات، ئینتزاریکی بیٚحاسلە...

...ئەمرۆ چینی کریکاری ئیران لە بەردەم ئەو واقعیەتە دایە! یان لە وەزعیك کە ئیستا تییدایە یەك هەنگاوی دیکە دەچیتە پیش، وە پیٚ دەنیتە قوناغی ریکخراو بوون، و یا لە ئال و گۆرەکانی چارە هەلنەگری دوارۆژی ئیران دا بۆ جاریکی تریش ویست و داخوازی و ئاوات و ئارەزوەکانی لەژیر دەست و پیی مەیل و بۆچوونی دەستەبەندیەکانی غەیرە کریکاری ناو ئوپوزیسیونی ئیران دا پیشیل دەبی...

...ئیمە دلنیاین کە چینی کریکاری ئیران بە دەرس وەرگرتن لە خەباتی دەیان سالی رابردووی خۆی و بە پشت ئەستوری ئەزمونەکانی چینی کریکاری جیهانی، لە توانای دا هەیە کە ببی بە هیزی بزوینەری خەلکی زەحمەتکیش و ستەم لیکراو بۆ ئازادی و بەرابەری لە کۆمەلگای ئیران دا...

# نامەی کراوەی نەجیبەی سالحی هاوسەری مەحمودی سالحی بۆ خانمی ئانا بیوندی نوینەری کونفدراسیونی نیونەتەوەیی یەکیتیەکانی ئازادی کریکاری

خاتوی بەریز ئانا بیوندی

من نەجیبە سالح زادە " هاوسەری مەحمودی سالحی لە کاتیك دا ئەم نامە بو ئیوە دەنوسم کە بە تەواوی نیگەرانی هاوسەرەکەمم و مندالەکانیشم لەم نیگرانیە دا هاوبەشی منن ، هەروا کە ئیوە بە دلسوزیەوە لە نامەکەی خوتاندا ئامازەتان پی کردووە ، هاوسەرەکەم تەنیا بە بونەی بەشداری لە ریپیوانیکی هیمنانە بو ریزگرتن لە ئەوەلی مەی روژی جیهانی کریکار لە سەقز یەکیك لە شارەکانی کوردستان گیراوە ، ئەوان لە بەرچاوی مندالەکانم بە کومەل رژانە سەر هاوسەرەکەم و چاویلکەکەیان شکاند و لیویان دریوە ، کورە ١٤ سالەکەم ویستی پشتیوانی لە باوکی بکات کە ئەویشیان دایە بەر لیدان ، مەحمود لە بەرانبەر ئەم کردەوە دژە ئینسانیە دا تەنیا بە هاواری " بژی ئەوەلی مانگی مەی " دژەکردەوەی نیشان دا ، چونیەتی گرتنی مەحمود و هاوریانی و توند و تیژی یەك کە هیزەکانی رژیم دەستیان داوەتی ، وەك شتیکی ناحەز بە سەر خەوی شەوانە و بیری روژانەم سیبەری خستوە ، مندالەکانیشم لەم ئازار کیشانانەدا هاوبەشی منن ، لە هەمان روژی ئەوەلی مانگی مەی کاتیك کە من گەرامەوە بو مال دیتم هیزەکانی ئەمنیەتی هەریمی مالەکەم یان شکاندوە و ژیانی تایبەتیمیان تیك داوە ، داوام لە مائمورەکان کرد بەلگەی یاسایی هاتنە نیو مالەکەم پیشان بدەن ، ئەوان بە گالتە و سوکایەتی کردن بە داخوازیەکەم گوتیان کە بەلگەی دادستانیان هەیە ، یەکیك لە مائمورەکان بەنیوی " عەلا کەرەمی " م دەناسی روبە ئەو و دژی هاتنە نیو مال و شکاندنی هەریمی ژیانی تایبەتی و تیکدانی کەرەسەی مالەکەم نارەزایەتیم دەربری ، ئەوان بە لیدان ولامیان دایەوە ، خوم لە ژیر لیدان دا و هاوسەرەکەم لە زیندان ، لە ئاوا کاتیکدا من لە ئەوە بیرم ئەکردەوە کە ئیمە تەنیا نین و هەرئەوە بە من ورە یەکی بەرزی دا ، هاوسەرەکەم روژی جومعە ٣٠ ئاوریل لە گەل ئیوە وەکو نوینەری " کونفیدراسیونی نیو نەتەوەیی ئیتیحادیەکانی ئازاد " چاو پی کەوتنی بوو.

ئەو بو چاوپی کەوتنی ئەوە هات تا هەل و مەرجی کار و تیکوشانی خەبات و چونیەتی ژیانی کریکارانی ئیران و بنەمالەکانیان بە ئاگاداری ئەوە بگەینیت ، مەئموران مەحمودیان گرت ، ئیمەیان بریندار و کامپیوتر و ماشینی فاکس و بلگەی کاری هاوسەرکەم یان زەوت کرد تا ئیتر کەسیك نتوانیت گەماروی ئەمنیەتی کەسانیك وەکو ئەویە بشکینیت و دەنگی حەق خوازی خەلکی ئیران بگەینیتە گوی خەلکی دونیا ، ئەمە ئەولین جار نیە کە مەحمود بە بونەی پشتگیری لە ماڤ کریکارانی زیندانی دەکریت ، مالی ئیمە ئاوا ئەکەویتە بەر هیرش و ئیمە بریندار دەبین و سوکایەتی مان پی ئەکریت .

ئەو لە سالی ١٣٦٧ هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٩٧ زایینی بە هوی دامەزرانی ئەنجومەنی پیشەیی کریکارانی نانواخانە لە سەقز و " تەعاوەنی مەسرەڤ کریکارانی نانواخانە " دەستگیر کرا ، چون پیك هینانی ئەنجومەنی پیشەیی لە یاسای کاری ئیران دا هاتووە ، تومەتی بە ئەساسیان لە هاوسەرەکەم دا ، دوایین جار کە مەحمود دەستگیر کرا و خوتان ئامازەتان پی کردووە لە سالی ١٣٧٩ هەتاوی بووە کە ١٠ مانگ لە زیندان مایەوە و لە ژیر گوشاری روحی و جسمی ، ئیستا هاوسەرەکەم هاوکات لە گەل ئاغای " موحسینی کەم گویان " ( حەکیمی ) کە لە چاو پیکەوتنی ئیوە لە گەل مەحمود وەکوو وەرگیر حازر بووە . ئاغای جەلالی حوسەینی و ٤ زیندانی تر لە نارەزایەتی بە گرتنی خویان " مانگرتنی خواردنیان " کردووە ، ئەمە ئەمرو سلامەتی ئەوانی زور خستە مەترسیەوە ، مەحمود و ٦ زیندانی تر روژی سیهەمی مەی گوزراونتەوە بو شاری سنە ناوەندی ئوستانی کوردستان ، ئەوان لە مەحمود و ئاغای حەکیمی و ئاغای جەلالی حوسەینی داوایان کردووە کە زامنی موعتەبەر و وەسیقە ئامادە بکەن تا ئازادیان کەن ، گیراوەکان باسی ئەوەیان کردووە کە کردوەی ئەوان بە تەواوی لە چوارچیوەی مەوازینی نیو نەتەوەیی دایە ، ئەوە مەئمورەکانن کە بە پیچەوانەی هەمو یاسایەکی نیو نەتەوەیی و مەوازینیکی ئینسانی ئەوانیان بریندار و دەستگیر کردووە ، کەواتە تەنیا یەك ریگا لە بەر دەم دەزگای قەزایی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە تەواوی گیراوەکان دەس بەجی بی هیچ بیانوو و داخوازی و هیچ چەشنە تاوانبار کردنیك ئازاد بکات . لە هەمان روژی ٢ی مەی ئیمە بنەمالەی گیراوەکان لە پیناو رزگاری هاوسەرەکانمان تی دەکوشین بەلام جگە لە سوکایەتی و بە سەرگەراندنیك هیچ دەسکەوتیکمان نەگرتووە .

من ئاگاداری ئەوەم کە ئیوە دل سوزانە لە " بەرپرسی ریکخراوی جیهانی کار " داواتان کردووە تا لە پیناو رزگاری هەموو زیندانیانی ئەوەلی مانگ مەی سەقز هەول بدەن ، دەبیر ئەوەلی ریکخراوی جیهانی کار بو سەروك کومار خاتەمی نامەی نوسیوە و هەر وەها بو گیراوەکانمان وەکیلتان گرتووە ، من وەکو دایکیك و هەر وەها وەکو هاوسەریك ئەم نامەیەم بو ئەوە نوسیوە تا هەم ئیوە لە رەوتی باقی روداوەکان ئاگادار بکەم و هەم داواتان لی بکەم کە رادەی گوشاری خوتان لە پیناو ئازادی دەس بە جی مەحمود و ئاغای کەم گویان ( حەکیمی) و ٥ کەسی تر کە لە زیندان ماونەتەوە زیاد بکەن.

بەریزەوە
نەجیبەی سالح زادە
هاوسەری مەحمودی سالحی
پینجەمی مانگی مەی ٢٠٠٤
ریکەوتی ١٦ گولانی ١٣٨٣

## قوربانیانی سونەتیك کە تییدا خوشەویستی قەدەغەیە، روداویکی دلتەزین لە شاری رەبەت

بە پیی هەوالی گەیشتو لە شاری رەبەت روژی شەممە ١٣٨٣,٢,١٠ کچیك بە نیوی "ناسکە سەعیدی " کچی رەحمانی سالکە بە هوی دژایەتی بنەمالەکەی بو ئیزدواجی لە گەل کوریك بە نیوی" نەوزادی ئیبراهیم زادە " تاسراو بە ئومید خەلکی " مەکلاوی ودانیشتوی رەبەت، دەس دەداتە خوسوتاندن و بە هوی لەسەرەوە بوونی سوتاویەکەی بە ری دەکریت بو ورمی بەلام بە داخەوە دوای ٤ روژ، روژی١٣٨٣,٢,١٤ گیانی لە دەس دەدات. نەوزاد کە بو چاوپیکەوتنی ناسکە دەرواتە شاری ورمی دوای بیستنی هەوالی مەرگی " ناسکە " لە پەنجەرەی دیوی ناسکەوە کە لە تەبەقەی سیهەمی نەخوشخانەکەدا بو خوی دەخاتە خوارەوە و دەس بە جی گیانی لە دەس دەدات، شایانی باسە ئەم روداوە دلتەزینە بوەتە هوی خەم و پەژارەی خەلکی ناوچەکە.

## سیلاو لە شاری سەرپولی زەهاو گیانی ٨ کەس دەگریت

هاتنە سەرەوەی رووباری دلە شیر بووە هوی ریکەوتنی سیلاو لە ناوچەی دەشتی زەهاو وە پشت تەنگ لە شاری سەرپولی زەهاو لە ئوستانی کرماشان و گیانی ٨ کەس لە خەلکی ئاوایی " بانی هەوان ئیلیاسی " باران و تەرزەی توند بووە هوی هاتنە سەری رووباری دلە شیر و دواتریش سیلاو خەلکی ئاوایی" بانی هەوان ئیلیاسی " گیرودە کرد . بە پیی ئەم هەوالە تا سەر لە بەیانی روژی یەکشەممە تەرمی ٦ کەس دوزراوەتەوە و گەران بو دوزینەوی تەرمی ٢ کەسی تر دریژەی هەیە ، شایانی باسە ئەم سیلاوە زەرەر و زیانی زوری گەیاندوەتە زەوینەکانی کەشاوەرزی ئەم شارە.

## شارەداری کرماشان و نەدانی حەقدەستی کریکاران

بە پیی هەوالی گەیشتو لە شاری کرماشان ، شارەداری ئەو شارە ٢ میلیارد تمەن بە کریکارانی ئەو ئیدارەیە قەرز دارە ، هەر بە پیی ئەم هەوالە ئەو کریکارانە کو ریژەیان ٣ هەزار کەسە بو بە دەست هینانی مافەکانیان چەند جار لە ریکخراوی تامینی کومەلایەتی ، وەزارەتی کار و شارەداری خوازیاری پی راگەیشتن بە گیر و گرفتی حەقدەستەکانیان بوون بەلام تا ئیستا هیچ وەلامیکیان وەر نەگرتوە .

## دەوری تازەی ئیعدام لە شارەکانی ئیران

بە پیی ئەو هەوالانەی کە لە ئیرانەوە گەیشتوون ، تەنیا لە ماوەی ٣ روژی رابردوودا لە شارەکانی خورەم ئاباد ، ئەهواز ، تاران و کەرەج رژیم ٤ کەسی ئیعدام کردووە و حوکمی ئیعدامی ٧ کەسی تریش دراوە .

هەر بە پیی ئەم هەوالانە دیمەنی ئیعدامی کەسیك لە سەر پردی نادری لە ئەهواز بووەتە هوی نارەزایەتی دەربرینی خەلك . لە شاری کەرەج پیاویکی ٦٣ سال تەمەن کە پیشووتر بە زیندانی ئەبەد مەحکوم کرابوو روژی ١٥ی گولان لە زیندانی قەزلحەساری کەرەج لە سیدارە دەدریت ، جیگای ئامازەیە حومکی ئیعدامی ٧ کەس کە لە نیو یان دا ژنیکی ١٩ سال تەمەن هەیە لە شاری ئەراك دراوە .

## کوردە گیراوەکان هەروا لە زیندانەکانی سوریە دان

بە پیی هەوالی گەیشتو لە سوریەوە ئەو کوردانەی کە لە روداوەکانی قامیشلو و شارەکانی تر گیراون هەروا لە زیندانەکانی ئەو ولاتە راگیراون .

هەر بە پیی ئەم هەوالە ئاماریکی دروست سەبارەت بە ریژەی گیراوەکان لە بەردەس دا نیە . جیگای ئامازەیە کە کوردە گیراوەکان لە زیندانەکانی سوریە دا بە شیوەگەلیکی جوراو جور ئەشکەنجە کراون . شایانی باسە لە ماوەی لەوەو پیش پولیس و دەزگا ئەمنیەتیەکان سوریە دەستیان داوەتە گردنی کوردەکان و ٨١ کەسیان گرتووە .

جیگای باسە ماوەیەك لەوەو پیش ریکخراوی ماڤ مروڤی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کوتایی هینان بە ئەشکەنجەی ئەو کوردانەی کردوە کە لە زیندانەکانی سوریەدان و داوای لە دەولەتی ئەو ولاتە کرد کە گیراوەکان دەس بە جی ئازاد بکات .

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 188 May: 2004

# رێ وڕەسمی یەكی مەی لە زرگوێز

## بەشیك لە وتاری هاورێ رەشیدی رەزاقی

میوانە بەریزەكان، خوشك و برایانی ئازیز!

لەلایەن خۆم و هەموو هاورێیانی كۆمەلەوە لە كانگای دلەوە بەخیر هاتنتان دەكەم. جەژنی یەكی ئەیار رۆژی هاوپشتی جیهانی چینی كریكارتان لی پیرۆز بیت!

خوشحالین كە جاریكی دیكەش لە وەها موناسبەیەك دا پیك دەگەینەوە!

هاورێ رەشید لە دریژەی قسەكانیدا ئاماژەی بەوە كرد كە:

نیزامی سەرمایەداری بە تەواوی گەندەل بۆە و توانای بەرەوپیش بردنی كۆمەلگای بەشەری لەدەس داوە، بوەتە كوسپ لەسەر ریگای بەختەوەری و ریفاه و ئازادی ئینسان...

...ئەم نیزامە هیچ خۆشی و بەختەوەریەك جگە لە بەدەس هینانی قازانج و سوود، وە هیچ دەرد و بەدبەختی و چارەرەشیەك جگە لە دەس دان و كەمبوونەوەی سوود بە رەسمی ناناسی، ئەم رادەیە لە تەماحكاری و سوود پەرستی سەرمایەداری لە هەر جۆرە مەیل و بۆچوونیكی ئینسانی بە تەواوی داتەكاندووە...

تەحەولی تكنولوژیك كە خەریكە سەرتاپیی بەرهەم هینانی كۆمەلایەتی دادەگری، نەك هەر لە خزمەت كەمبوونەوەی سەعاتی كار و زیاد بوونی ئاسایشی بەرهەم هینەرانی راستەوخۆدا نیە، بەلكوو كراوەتە هۆی بیكاری و نائەمنی شوغلی و بەرتەسك كردنەوەی خزمەتگوزاریەكانی گشتی و مەحرومییەتی زیاتری ئەو كەسانەی كە خولقینەر و بەریوەبەری ئەم پیشكەوتنەن...

...هەموو ئەو ئیمكاناتە لە ژیر دەست و دەسەلاتی نیزامی سەرمایەداری دایە! نیزامیك كە تییدا، ٣٥٨ میلیاردیر سەروەت و داهاتیان بە ئەندازەی ٢/٥ میلیارد نەفەری رووی عەرزە. نیزامیك كە تییدا كەمایەتیەكی بچووك بە تالان كردنی بەهرەی كاری زۆربەی هەرە زۆری كۆمەلگای بەشەری، سەروەتی خیالی پیك دینن وە لەو ریگەوە دەسەلاتی سیاسیشی خستوەتە ژیر چنگی خۆی وە بۆ بەردەوام راگرتنی ئەم وەزعە پیچەوانە و غەیرە ئینسانیە، بە پیكهینانی ئەرتەش و بە كار هینانی دام و دەزگای سەركوت، بەرهەم هینەرانی راستەقینەی سەروەتی كۆمەلایەتی وە ساحیب حەقی واقعی پی قەلاچۆ دەكات. شەر هەلدەگرسینن، وە لە پیناوی قازانجی خۆیان، بەرهەمەكانی دەستی داهینەری كریكار، بێبەزەییانە ویران دەكەن وە ئاوەدانی دەكەنە ویرانە! وە هیچ شەرم ناكەن لەوەی كە لەم سەردەمەدا كە دنیا بەهۆی پیشرەفتی تكنولوژیلیەوە، لە راستی دا بۆتە ئاوائییەكی بچووك، لەپیناو پاراستنی موقەعیەتی زالمانەیاندا، پر خورافەترین مەسلەك و باوەر پەرە پێ دەدەن.



بناغەكانی تەمەدونی ئیستای بەشەر و لەوانە سەروەت و قودرەتی دوژمنانی چینی كریكار لەسەر بنەمای كار و هەلسوورانی خولقینەری كریكاران و زەحمەتكیشان دامەزراوە، بۆچی دەبی سەرمایەداران بە ئیتكای دەولەتەكانیان و بەهۆی نیزامی سەرمایەداری و مالكیەتی خسووسیەوە بەرهەمی ئەم هەلسوورانە تەساحوب بكات وە كریكاران لە حاسلی دەسترەنجی خۆیان مەحرووم ببن...

...ئەم وەزعە دەبی بگۆردرێ، بەشەرییەت ناچارە جیگا و شوینی ناعادلانەی ئیستای بەجێ بهیلی، وە ئەم قوناغە پر لە نابەرابەریە تیپەر بكات. ئەوەیش تەنیا ئارەزویەكی بەشەر دۆستانە و خیرخوازانەی ئەم یا ئەو كەس و تاقم نیە، بەلكوو جیگا و شوینی عەینی چینی كریكار لە بەرهەم هینانداا زیاتر لە هەمیشە رزگاری ئینسانی لە زنجیری ئەسارەتی مالكیەتی خسووسی كردوەتە كاریكی مومكین وە عەمەلی...

...ئەمرۆكە لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی كۆماری ئیسلامی دا جم و جولیكی سیاسی بەرین هەموو كۆمەلگای ئیرانی داگرتووە، هەموو چین

# چاو خشاندنیك بەسەر ئەزمونەكانی خەباتی كریكارانی كورەخانەكان



وەرزی كاری كورەخانەكان خەریكە دەست پیی دەكات . بو ئەوەی دەسكەوتەكان بپاریزین و بیكەین بە پیگەیەك بو بە دەست هینانی بەشیكی تر لە مافەكان ، پیویستە بە ئەزمونی سالانی پیشومان پشت ئەستور بین و ویست و داواكانی ئەم سالیش بە وردی دیاری بكەین و هەر لە سبەینی چوونە سەر كار یەكگرتووانە و یەكپارچە بو وەدیهینان یان و یەكخستنیان خەبات بكەین .

چەند دەسكەوتیكی تا ئیستای خەباتی كریكارانی كورەخانەكان ئەمانەن :

_مافی مانگرتن ، ئەگەر چی لە رژیمی كوماری ئیسلامی دا ، هەر گیز بە رەسمی دان بەو مافەدا نەنراوە ، بەلام كریكارانی كوردستان لە كورەخانەكانی ئیران ئەو مافەیان وەكوو سونەتیك جی خستووە و هەموو سالیك بو ناچار كردنی خاوەن كورە خانەكان بە قەبوولی داواكانی كریكاران ، دەستیان داوەتی . ئەو مافە وەكوو هەرەشەیەك بە سەر سەری خاوەن كورەخانەكان دا هەر پیویستە رابگیری و لە كاتی پیویست دا بە كار بیت .

_بەستنی قەراردادی بە كومەل ، وەكوو دەسكەوتیكی جی كەوتوو ، هەموو سالیك كریكارانی هەر چەن كورەخانەی نزیك بە یەك ، قەرار دادی بە كومەل لە گەل خاوەن كورەخانەكان دەبەستن . ئەم سالیش پیویستە ئەم دەسكەوتە بپاریزری .

_لە دیاری كری كاردا ئەگەر حەق دەستی سالی رابردوو دەكریتە بناغەی حەق دەستەكانی ئەمرو ، پیویستە وەكوو هەموو سالیك رادەی گران بوونی پیداویستی یەكانی ژیان واتە " تەوەروم " لە بەر چاو بگیری و بە پیی ئەوە حەق دەستی زیاتر داوا بكری .

_لە بەر ئەوەی كە لە سالانی رابردوو، گەلیك جار خاوەن كارەكان بە بیانوی جوراو جور لە كاتی خوی دا حەقدەستی كریكاران یان نەداوە و دواجار كریكاران ناچار بوون بە سەفەر و هات و چوی زیادی ، حەقدەستەكانی دواكەوتوی خویان وەربگرن ، پیویستە خاون كار هەر لە روژی ئەوەلەوە تەعەهود بدات كە بە شیوەیەكی مونەزەم ، هەفتانە یا مانگانە حەقدەستەكان دەدان . دانی حەقدەستەكان بە هیچ بیانویەك نابی وەدرەنگ بكەوی .

_كاری بی حەقدەست وەكوو پاك كردنەوە و ئامادەكردنی مەیدانی خشت برین ، ئامادە كردنی شوینی ژیان و شتی تری لەم چەشنە نابی بو خاوەن كار بكری . خاوەن كار دەبی خوی خەرجی جی بە جی كردنی ئەم جورە كارانە بدات .

_نابی بە خاون كار ریگا بدریت بە ناوی قەرەبو كردنەوەی خەسارەتی لە بەین چونی خشتەكان لە كاری كریكاران بە حیساب نەیەنیت وە یا لەحەق دەستەكانیان كەم كاتەوە .

_خاوەن كار دەبی لیباسی كار ، دەسكیش ، شلینگ ، نایلون ، فەرغون و پیداویستیەكانی دیكەی كار بە ئەندازەی پیویست ئامادە بكات و نابی بە بیانوی كونتەراتی بوونی بەشیك لە كار خوی لە دابین كردنی ئەو كەرەسانە لابدات .

_خاوەن كار دەبی ، خەرجی دوكتر و دەرمانی كریكاران و بنە مالەكەیان لەو ماوەیەدا كە لە كورەخانە كار دەكات دابین بكات .

ئەمانەی لە سەرەوە باس كران، هەمووی لە سالانی رابوردوو بە خەباتی كریكاران بەسەرخاوەنكاردا ، داسەپاون ، بەو هیوایەی كە ئەمسال چەند هەنگاو بەرەو پیش تر یان برین .

## چەند دەرسیك لە مانگرتنی سالانی رابردووی كریكارانی كورەخانەكان

یەكەم : پیویستە مانگرتن .داخوازی هەموی كریكاران بەیان بكا !

زوربەی كریكارانی كورەخانە ، كریكارانی قالبدارن . ژمارەی ئەم بەشەی كریكاران لە ژمارەی هەموو بەشەكانی دیكە زیاترە و بەردەوام بونی كاری بەشەكانی دیكەش بە كاری قالب داران پەیوەندی هەیە .

زورجار كریكارانی قالب دار تەنیا بو وەدی هینانی داخوازیە تایبەتیەكانی خویان مانیان گرتوە و هەر وەها تەنیا لە سەر هیزی خویان حیسابیان كردوە . كریكارانی بەشەكانی دیكە ( چەرخ كیش ، قرمزدار ، كورەسوز ، و ئەنبار زەن ) راویژیان لە گەل نەكراوە ، زورجار قازانجی خویان لە مانگرتنەكەدا نەدیوە و بەپیچەوانە مانگرتنەكەیان بە زیانی كارەكەی خویان زانیوە.

بو بەرانبەركی لە گەل نەفرەقە و دو بەرەكی ، پیویستە لە كاتی مانگرتن دا ئەو داخوازانە تەئكیدیان لە سەر بكری كە نەك كریكاران نەخاتە بەرانبەر یەكتر بەلكو كریكارانی هەمو بەشەكان ، قازانجی خویانی تیدا ببینن . پیش مانگرتن لە گەل كریكارانی بەشەكانی تریش راویژ بكری و داخوازیەكانیان بخرینە نیو لیستی داخوازیەكانی مانگرتن .

دوهەم : دوبەرەكی میللی و مەزهەبی ریگای پی نەدری !

خاوەنكاران و دەولەت بو دروست كردنی تەفرەقە لە نیو كریكاران دا ، جیاوازی میللی و مەزهەبی لە نیوانیان دا زەق دەكەنەوە و كەلكی لی وەر دەگرن هەتا هاوپشتی و یەك گرتوویی كریكاری لاواز كەن . راستە بە هوی چونە سەری وشیاری سیاسی و چینایەتی كریكاران ، زەمینەی ئەم دوبەرەكایەتیە كەم بوەتەوە بەلام هیشتا خەبات لە پیناوی پوچەل كردنەوەی ئەم پیلانە لە نیو كریكاران دا ، ئەركیكی بەردەوازی كریكارانی پیشرەوە .

سیهەم : هیز و توانای ژنانی كریكار بە شیوەیەكی كاریگەر تر بكەویتەكار !

بەشیكی بەر چاو لە كریكارانی كورە خانە ، ژنانی كریكارن . بەشداری ژنان لە كوبونەوەكانی بریار دان و راویژكردندا و مانگرتنەكاندا ، پیویستیەكی سەرەكیە . ژنان بە هیچ شیوەیەك نابی ئەم مافەیان لی زەوت بكری و لە لایەكی تریشەوە ئەمە هیزی خەباتی كریكاران چەند قات دەكا . تەجرەبەش نیشانی داوە كە بەشداری ژنان لە مان گرتنەكان دا و دەوریان لە قوناغە جوراو جورەكانی خەباتدا ، بە ئاشكرا هیزی كریكاران و ئیمكانی سەركەوتنیانی بردوتە سەر . كوبونەوەی گشتی كریكاران و هەر كوبونەوەیەك بو راویژ كردن و بریاردان ، دەبی كوبونەوەی هەمو ژنان و پیاوانی كریكار بی .

چوارەم : نیوینەران پشتیوانیان لی بكری !

نوینەرانی كریكاران كە بو وتو ویژ لە گەل خاوەن كار هەلبژیردراون دەبی بە هیزی هەمو كریكاران پشت ئەستور بن . مەهیلن رابەران و نوینەرانتان تەنیا بكەونەوە و كاتی رووبەروو بونەوە لە گەل سەرمایە داران خویان لە تەنگانەدا ببینن .

ئەو نوینەرانە كە بو وتو وویژ لەگەل سەرمایە داران و دەولەت هەلبژیردراون هەتا بە هیزی كریكاران پشت ئەستور بن و لە پشتیوانی هەمو كریكاران دلنیاتر بن بەرانبەر بە خاون كاران و دەولەت جەسورتر و لیبراوتر و چاو نەترس تر دەبن . پیویستە كریكاران ئەم ئیمكانە بو رابەران و نوینەرانی خویان فەراهەم بكەن .

ئاشكرایە هەركات نوینەریك بە پیچەوانی بریار و قازانجی سەرجەمی كریكاران بجوولیتەوە ، كریكاران دەتوانن لە كوبونەوەی گشتی خویاندا لە نوینەرایەتی لای بەن و كەسی دیكە لە جیگای هەلبژیرن .بەلام تا ئەو كاتەی كە كەسیك نوینەرە ، پیویستە پشتیوانی تەواوی لی بكری.

# ئاگر تی بەردانی خویندنگاكان لە ئەفغانستان

خویندنگا كچانەكانی ئەفغانستان بەر دەوام ئاگریان تی بەر ئەدریت، تا ژنان وكچان لە هەلسورانی كومەلایەتی بەشداری نەكەن.

بە پیی راپورتەكان لە ئەفغانستان دا خویندنگاكان بە تایبەت خویندنگای تایبەت بە كچان هەر روژە لە لایەن دواكەوتوو ترین ئینسانەكانی ئەم سەردەمە ئاگریان تی بەر ئەدریت.

بە پیی ئەم راپورتانە لە ماوەی ٢ سالی رابوردو دا نزیك بە ٣٠ خویندنگا ئاگری تی بەر دراوە. لە سەردەمی دەسەلات داریەتی تالیبان خویندن بو كچان قەدەغە بوو. دواتریش زور جار تالیبان بە بلاو كردنەوەی راگەیاندن داوای لە خەلك كردووە كە لە ناردنی كچەكانیان بو خویندنگا كان خوپاریزی كەن ئەگینا چاوەروانی روداوی دلتەزین بن.

لە ماوەی دەسەلات داریەتی تالیبان تەواوی خویندنگاكانی ناوچەكانی ژیر دەسەلاتی تالیبان داخران . لە ئاخرین روداوی ئاگرتی بەر دانی خویندنگاكان ٢ خویندنگا لە ئاواییەكانی "خوگیانی" لە قەندهار و هەروەها "لندە" لە شاری "دن"ئاگریان تی بەر درا.

پیشرەو

ئورگانی كۆمیتەی ناوەندی كۆمەلە

سازمانی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران

ئیدیتور:
ئیبراهیم عەلیزادە

كۆمیتەی ناوەندی كۆمەلە

Add: Sulimania- Zerguez
Tel:
0044707- 7520- 781
0044707- 7567- 855
Fax:
00447043129273
E-mali:
Komalah@komalah.org

ئینترنت:

سایتی كۆمەڵە www.komalah.org
سایتی رادیو كۆمەڵە www.Radiokomaleh.Com
سایتی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران www.cpiran.org

دەنگی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران:

شەوانە : ٢١تا ٢٢ جومعە بەیانیان ٨ تا ٩

شە پولی كورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ كۆمەڵە):

بەیانی: ٧ تا ٨ نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٨/٣٠ تا ١٩/٣٠ شەوانە: ٢٢–٢٢/٣
شەپولی كورت ڕەدیفەكانی: ٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ كیلۆهێرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ كیلۆهێرتز ٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ كیلۆهێرتز

دەبیرخانەی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
107 25 Stockholm- Sweden
Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

نوینەرایەتی كۆمەلە لە دەرەوەی ولات

k.k.
p.o.Box 75026
Box: 750 26 uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93
e-mail: komala@cpiran.org

نوینەرایەتی كۆمەلە لە كوردستانی عیراق

Add: Sulimania-Rezgary
Tel: 3124760 - 3125815:
E-mail: Komalah@hotmail.com